دیوانی
شێخ ئەنوەر

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

هەناسەی خەم

کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی
فوئاد محەمەد ئەمین سەراج

2009

چاپی یەکەم

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

دیوانی

شێخ ئەنوەر

هەناسەی خـــەم

کۆکردنەوەو ساغکردنەوەی

فوئـاد محەمەد ئەمین سەڕاج

سلێمانی ۲۰۰۹

لەسەر ئەرکی

"فوئاد محەمەد ئەمین سەراج" چاپکراوە.

ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب: هەناسەی خەم

بابەت: شیعر

نوسینی: شێخ ئەنوەر

کۆکردنەودو ساغکردنەوەی:

فوئاد محەمەد ئەمین سەراج

تایپ: سەرخێڵ حاجی

دیزاین و بەرگ: فوئاد کەولۆسی

شوێنی چاپ: چاپەمەنی گەنج

ساڵی چاپ:٢٠٠٩ سلێمانی

نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم

تیراژ: ١٥٠٠ دانە

ژمارەی سپاردن: (2363)ی ساڵی (2008)ی وەزارەتی رۆشنبیری پێدراوە.

"مافی چاپکردنی پارێزراوە."

٢٠٠٥/١٠/٤

شیعرەکانم وەك دومبەڵە
بۆخاوەن شانسێ دەر ئەچێ
ساروخێکە....
کە دەزگاکەی خۆی بەجێهێشت
کەس نازانێ بۆ کوێ ئەچێ.

شاعیری گەل و نەتەوە



شاعیری سروشت و جوانی

شێخ ئەنوەر

١٩٣١-٢٠٠٦ ز

خامە وەرە لەگەڵ تاسەم
لەگەڵ شەپۆلی هەناسەم
زویر مەبە لە پەنجەما
لە گێژاوی ئەم باسەما

تیشکێك

بۆ

سەر ژیانی شێخ ئەنوەر

- **شێخ ئەنوەر:-**

کوڕی شێخ ئیبراهیم کوڕی باوە مەحمودە، کە دەچنەوە سەر بنەماڵەی بابانییەکان.... دایکی ناوی (عەتییە خان)ەو دەچێتەوە سەر شێخەکانی تیماری (گڵە زەردەی قەرەداغ).

لە ساڵی (١٩٣١) ی ــ زــ لە شاری هەڵەبجە و قوربانی لە گەڕەکی (صابونکەران) لە دایك بووە ، لە ساڵی (١٩٤١) دا بۆ خوێندن دەچێتە قوتابخانەی (فەیسەڵییە) بەڵام بەهۆی مردنی باوکییەوە ، هەتا دوا پلەی سەرەتایی خوێندووە ، دواتر وازی لە خوێندن هێناوە ئەرکی بەخێوکردنی خێزانەکەیانی کەوتۆتە سەر شان ، کە (دوو برا و چوار خوشك و دایکی) دەبێت، بەم ناوانە (حمە ڕەشید ، وەهبی ، زەکاو ،ناجی ، چرۆ ،شەفیقە) ئەمەش وا دەکات باری سەر شانی گران بێت و نەتوانێت قۆناغەکانی خوێندن تەواو بکات.

شێخ ئەنوەر:-

هەر لەسەرەتای لاوێتییەوە لەناخیدا ڕۆحی کوردایەتی دەبزوێت و زۆر حەز بە تێکەڵبوونی ڕووناکبیر و شاعیران دەکات ، بەوەش لە بواری ئەدەبی و دنیای شیعردا ،جێگایەك بۆ خۆی دەکاتەوە ، ئاشنایەتی و بەهرەی شیعری چرۆ دەکات ، بە

جیهـانی رۆشـنبیران ئاشـنا دەبێـت لەناخـەوە کـورەی شـیعری دەدەمێ و هەژانی شیعری کلێپە دەسێنێت، بەتایبـەتی کە لە نێو کۆمەڵی منەوەران و شاعیرەکانی ئەو سـەردەمەدا تێکەڵ دەبێت و هاتووچۆیان دەکات ، لەوانە (پیرەمێرد ، مامۆستا گۆران ، قانع ، ئیبراهیم ئەحمـەد ، مامۆستا عبدالله جـەوهر و نجم الدین مەلا و چەند رووناکبیرێکی دیکە.

شێخ ئەنوەر:-

مرۆڤێکی وریا و زیرەک بووە ، هەر زوو دەست لە ملانیی شیعر بـووە ، هەسـتی بـە ئـەرکی شـیعر کـردووە ، هـەر زووش درکـی بـە سـتەملێکراوی و بندەسـتی گەلەکـەی کـردووە ، بۆیـە لـە شـیعردا رێبازێکی ریالیزمی نەتەوەییانـەی هەڵبـژاردووە، لـە شـیعرەکانیدا رەنگدانەوەی ئێش و ئازاری نەتەوەکەی بەدی دەکەین .

شێخ ئەنوەر:-

بەشـداری کایـە سیاسـی و رۆشـنبیری کـردووە، وەک کەسـێکی نەتـــەوەیی بـــانگی خـــەبات و تێکۆشـــانی داوە بـــەگیانێکی شۆڕشگێڕییەوە لە بزوتنەوەی کوردایەتیدا بەگیان و بە هەڵوێست بەشداری کردووە.. هەر لەم روانگەیەشـەوە، سروشـتی کوردسـتان و جـوانی خاکەکـەی کاریگـەری تـەواویان لـە سـەری بـووە ، ناوەڕۆکی سەرجەمی شیعرەکانی ئەو راستییەمان بۆ دەردەخـەن کەلەدەروونێکی جۆشدار و ئاوێزان و ئاوێتە بوونی هەناسەی بـەو خاکەوە پەیوەست بووە، بەهرەی شیعری شاعیر، هەر لەیەک بواردا نـەبووە بـەڵکوو زۆر لـە بوارەکـانی ژیـانی گرتۆتـەوە ، لەوانـە (سروشـت ، رامیـاری، کۆمەڵایـەتی ، جـوانی ، نەتەوایـەتی ،

چینایەتی ، تەنز ئامێزیی ، رەخنەگرانە ، داشۆرین) هەر بۆیە سەرنجدانمان بۆ شیعرەکانی توانا و لێهاتوویی و داهێنانی شاعیرمان بۆ دەردەخات .

شێخ ئەنوەر :-

هەر لەسەرەتاوە لە شیعرەکانیدا نازناوی (زەنگی) لە خۆی نابوو لە هەندێ شیعریشدا (دەروونی) کردۆتە نازناو، بەلآم زیاتر هەر بە شێخ ئەنوەر ناسراوە .. شێخ ئەنوەر لە سالآنی پەنجاکان بە دواوە لە بەڕێوەبەرایەتی (ئیشغال) ی سلێمانی دادەمەزرێ و دوایی رەوانەی (دەربەندیخان) دەکرێت کە لەو سالآنەدا تونێلەکەی دەربەندیخان دروست دەکرێت . ئەویش لەوێ کار دەکات و لەوێش دەبێتە هاوڕێی دکتۆرێکی ئەڵمانی کە دکتۆری ئێسك و فەقەرات بووە و کاری چارەسەر کردنی نەخۆشەکان بووە شێخ بەهۆی وریاییەوە سوودێکی لەو ئەزموون و زانیارییانە وەردەگرێت و تا لەژیانیشدا مابوو خزمەتێکی زۆری خەڵکی شارەکەی خۆی پێکردووە و زۆرکەسیشی چارەسەر دەکرد.

شێخ ئەنوەر:-

پاش کاری شارەوانی دەبێتە فەرمانبەر لە (بەریدی سلێمانی) بەمووچەیەکی کەمەوە ئەرکی پیرۆزی رۆژانەی خۆی بەرامبەر بنەماڵەکەی بەجێدەهێنێت ، هەر لەگەڵ ئەوەشدا زۆر حەزی لە وەرزش بەتایبەتی لەش جوانی بووە. لە ساڵی ١٩٥٦ دا دەچێتە یانەی (وەرزشی سلێمانی) چەند جارێکیش لە پێشبڕکێکاندا پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە .. لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنی

دەنگێکی بەسۆز و خۆش بووە ، زۆر جار شیعری خۆی بەگۆرانی و مقام وتووە یان ئاوازی بۆ شیعرەکانی داناوە ....

شێخ ئەنوەر:-

لەسالأنی شۆڕشی ئەیلولدا چەند جارێك گیراوە و جارێکیان بە کۆمەڵێك بەیاننامەی شۆڕشەوە دەگیرێت ، کە

(ئەمنەکە) دەیبات بۆلای بەڕێوبەرایەتی ئەمن خێرا بەیانەکە دەداتە دەست ئەمنەکە و ڕوو دەکاتە بەڕێوەبەرەکە و دەڵێ قوربان ئەم پیاوە لە خۆیەوە ئەم کاغەزانەی داوەتە من بەوە خۆی لە و سزایە رزگار دەکات. دوا بەدوای ئەوە لە سالأنی (١٩٦٧ – ١٩٦٨) لەگەڵ کۆمەڵێ گەنج و لاوی ئەو سەردەمە تێکەڵ دەبن و هەردەم بەدەم خواست و رازە ئەدەبییەکاندا مشت و مڕ دەکەن گفتوگۆ لەسەر پێشهات و بابەتە ئەدەبی و بواری ڕۆشنبیری و ڕووناکبیری و سیاسی تاووتوێ دەکەنەوە بەو شێوەیە لە بازنەیەکی هۆشیارانەدا کۆدەبنەوە لەوانە (مامۆستای هونەرمەند ئەحمەد سالار ، حمە سەعید حسن ، مارف ناسراو ، فواد محەمەد ئەمین سەراج ، کاوە زوهدی ، ئەحمەد حمکۆڵ قەساب ، حمە ڕەشید هەرەس) لە سەروو ئەمانەیشەوە مامۆستای شاعیری گەورە (علی کەمال باپیر ئاغا).

شێخ ئەنوەر:-

مرۆڤێکی ئاسایی و دڵسۆز و بەوەفا بووە ، کوردێکی پاك و بێگەرد و دڵسۆز بە خاك و نیشتیمان بووە ، خۆشەویستی لە هەناو و میشکیدا لە دەروونیدا لە خزمەتی هەژاراندا ، لە هیوای سەربەخۆ بوون و ئازادیدا ، دەنگێکی ڕەسەن و ڕۆڵەیەکی

ئاواتەخوازی لاوەکان بوو بۆ خزمەتی گەل و نیشتمانەکەیان بە تاکە هیوای دەزانین بۆیە هەمیشە بڵێسەی شیعرەکانی چرای دەستی لاوەکان بوو ، خۆشی لەگەڵ لاوان زۆر تەبا و خۆشەویست بوو ، هەروەها ئەو ناوانەی کە ناوم هێناون لەگەڵ ئەولاوانەی کە زیاتر لە دوا ڕۆژەکانی تەمەنیدا لە گەڵیانا دەژیا و گفتوگۆی لەگەڵ دەکردن گشتیان شێخ ئەنوەریان بە مامۆستای شیعر و بە مامۆستای خۆیان دادەنا.

شێخ ئەنوەر:-

لەسالی ١٩٦٩ ی ـ ز ـ ژنی هێناوە، لەژیانی خێزانیدا دەبێتە خاوەنی (پێنج کچ و کوڕێك) ئەوانیش بەم ناوانە (شارا ، شانۆ ، شێوە ، کوێستان ،ناز ، وە تاکە کوڕەکەشی کاکە هوشیار) کە ئەویش کەسێکی خوێندەوار و شاعیرێکی لاوی ئەم سەردەمەیە.

شێخ جارێکی کە بۆ بژێوی ژیانی ناچار دەبێت لەگەڵ هاوڕێیانی مارف ناسراو و خوالێخۆشبوو (محمود خاکی)دا ، لەبەردەم دیوارەکەی (بەریدی سلێمانی) ئەو کات نزیك بەردەرکی سەرا ، دەست بەکتێب فرۆشتن دەکەن، کاتێ مامۆستا (عبدالله جەوهەر) دەیبینێ زۆری پێ ناڕەحەت و دڵگران دەبێت ، ئەو کە لە گەورەیی و ووریایی و زیرەکی شێخ ئەنوەر گەیشتبوو دەستی دەگرێ و دەیخاتە سەر دووکانەکەی خۆی لە شەقامی کاوە لە بازاڕی عەسری دوای چەند سالێکیش بە نرخێکی کەم دووکانەکەی پێدەفرۆشێتەوە ، شێخ ئەنوەر بەهۆی عەشق و خۆشەویستی خزمەتی ئەدەبی کوردی بۆ قەڵەم و هەزری نووسەران لە ساڵەکانی (١٩٧٠) بە دواوە هەستاوە بە چاپ

کردنی کۆمەڵێك لە بەرهەمی نووسەران لەسەر ئەرکی خۆی کە ئەوەش راستی ئەومان بۆ دەردەخات کە ئەو مرۆڤە چەند لە خەمی نووسەران و پێشکەوتنی باری رووناکبیری و رۆشنبیری گەلەکەی بووە تا خەرمانەی ئەدەب و کتێبخانەی کوردی پێ دەوڵەمەند بکات و گەرمییەك بە هەناسەی نووسەرانی کەم دەرامەت پێ دڵشاد و خۆشبەخت بکاتەوە ، لە دوا لاپەڕەدا ناوی ئەو بەرهەمانە دەنووسین کە چاپکراون.....

شێخ ئەنوەر:-

هەروەکوو وتمان لە لاوێتییەوە بە کوردایەتی پەروەردە بووە ، خۆشی بە ئەرکێکی نەتەوەیی زانیوە ، کە کوردایەتی بکاتە بالای خۆی ، سەرنجدانمان بۆ هەڵوێست و سەرتاپای شیعرەکانیدا تیشکی ئەو راستییەمان بۆ دەردەکەوێت ، کە هەرگیز ئەم شاعیرە بێ خەم و بێ هەڵوێست نەبووە ، بەڵکو هەمیشە پشتگیری لە شۆڕش و بزاڤی نەتەوایەتی کردووە قەڵەم و هەزری و دڵی بۆ پێشمەرگە و بۆ شەهید و شار و گوندە سوتاوەکان و منداڵە دەربەدەر و بێنازەکان و لاوەکان لێداوە ، ئەوانە گشتی بوونەتە هەوێنی شیعری و سۆزی ئەمەکداری ، بۆیە پەرۆشی بە زۆر بەرهەمییەوە دیارە ، گیانی خۆشی بۆ خستۆتە بەر مەترسییەوە ، هەتا جارێك یەکێك لە پیاو کوژەکانی ڕژێمی بەعس کە (ملازم محسین) بووە لە دووکانەکەیدا دەیەوێت سوکایەتی پێبکات ، بەڵام شێخ بوێرانە و جەربەزانە بە توندی بەرەنگاری دەبێتەوەو هەڵمەتی بۆ دەبات و دەیدات بە زەویدا ، ئەو هەڵوێستەی بۆ ئەو

سەردەمە دژوارە بە کارێکی شۆڕشگێڕانە و گیان لەسەر دەستانە دەژمێردرێت و ئەم ڕوداوە لەناو شاردا دەنگی دایەوە ....

شێخ ئەنوەر:-

لەژیانیدا شیعرەکانی نەنوسیوەتەوە ، بەڵام گوتوونی ، ئەوەشی کە نووسراوەتەوە دەماودەمی کردووە و بڵاو کراوەتەوە یان خۆم بۆم نووسیوەتەوە یان کاکە هوشیار ، هەرگیز حەزی بە چاپکردنی شیعرەکانی لە دوو توێی کتێبێکدا نەکردووە ، بەڵام حەزی بە خوێندنەوەی شیعرەکانی کردووە لە نێو کۆڕو کۆمەڵدا ، ئەگەر کەسێکی هونەرمەند یەخەی بگرتایە، ئەوا هەر لەبەر بۆی دەوت و ئەویش دەینووسییەوە و دەیکردە گۆرانی ، ئەگەر شیعرێکیشی لەلا لەدایك بوایە ئەوا هەرکەسێکی لێ نزیکبوایە دەیگوت ئادەی بنوسە، وەهەندێك شیعریشی لەگەڵ برادەران هەژار و جەمال غەمبار بەدەنگی خۆی تۆمارکردووە ، هەروەها زۆریش لە قسە نەستەق و قسە خۆشەکانی لەلای خەڵکی ماون و تۆمارکراون ، بەهیواین لە ئایندەدا بڵاوبکرێنەوە .. لە شیعرەکانی شێخ ئەنوەر دا فۆرمێکی تایبەتی و زمانێکی پاراو و ناسك دەبینرێت کە مرۆڤ لەگەڵیدا خێرا هەست بە جولانەدن و خرۆشاندنی دەروونی دەکات ، لە نێو دەقێکی شیعری ڕۆمانتیکی و ئەفسوناوی و فەنتازیای سیحری پێدەگات . لەناوەوە ناخی مرۆڤ دەوروژێنێت ، کەلە ناوەڕۆکێکی بە پێز و ماناداری قوڵ چێژدار بەلای خوێنەردا ڕائەکێشێت و ڕۆحی دەجوڵێنێت ، ئەمەش وای کردووە کە زۆر لە هونەرمەندان لا لە شیعرەکانی بکەنەوە و بیکەنە گۆرانی ، لەو هونەرمەندانەش وەك (حمە جەزا،

کەریم کابان، کامەران عومەر ، محمد ڕەئوف کەرکوکی ، سامان عومەر ، صەلاح مەجید ، میدیا حسێن ، سەرکەوت، حەمەی نێرگز، کەمال محەمەد ، هتد..) .

شێخ ئەنوەر:-

ژیان و تەمەنی پڕ لە سەروەری بۆ ئەدەبێکی بەرگری سروشت و بۆ جوانی بۆ شۆڕشی کوردایەتی لە وشەو رستەکانی، کە زادەی مرۆڤێکی هۆشیار و کارامە دەردەخەن ، خولقێنەری شیعری تەڕو پاراوو نەمرە ، کە نەوە بە نەوە دەتوانێت بەسەریان بکاتەوە ، چەند لەسەر ژیانی ئەم شاعیرە بەهرەدارە کارساز و جوانکارە، خاوەنی ملوانکەی زێڕینی شیعر بدوێم .. هێشتا کەمە، چونکە بە بڕوای زۆر لە شاعیرە گەورەکان وەک (مامۆستا گۆران و پیرەمێرد وعەلی کەمال باپیر ئاغا) و زۆریش لە ئەدەب دۆستان ، بە شاعیرێکی داهێنەر و بەتوانای سەلیقە دار دادەنرێت ، بەشاعیرێکی سروشت ئامێز و نەتەوەیی و دڵسۆز بەرامبەر گشت ژیارە مرۆڤ دۆستەکان بە پلەیەکی بەرز دەژمێردرێت کە راستگۆیانە و سەردەمیانە ناخ و قەڵەم و هەڵوێست و داهێنانی خستۆتە کار، چریکەی بە پرشنگی شیعر و هەنگاوی نوێی بۆ ناوە..

شێخ ئەنوەر:-

لە تەمەنی (٧٥) سالێدا بەهۆی نەخۆشییەکی کوت و پڕەوە لە شەوی (٢٠٠٦/٢/١٩) ز دا لە سلێمانی کۆچی دوایی کرد، بە کۆچی ئەم شاعیرە دەنگێکی کە لە دەنگە رەسەنەکانی شیعر و ئەدەبی کوردی خامۆش بوو ، بە ئامادە بوونی جەماوەرێکی زۆر

تەرمەکەی بۆ گردی (شێخ مارفی نۆدێ) بەرێکراو لەوێ بەخاک سپێردرا..

هەزار درود و نەمری بۆ گیانی شاعیر شێخ ئەنوەر و گشت قەڵەمێکی بە بەهای داهێنەر و کورد پەروەر و سروشت پەروەر خاوەنی تەمەنێکی پڕ لە داهێنان و وشەی جوان و شیعری دیار ، ئەستێرەی گەشاوەی نێو بزاڤی روناکبیری و رۆشنبیری نەتەوەیمان.

نووسینی

فوئاد محەمەد ئەمین سەراج

١٢ /١/ ٢٠٠٨

نیگایەك

و

(چەند هەناسە شیعرێكی شاعیر لە نێو رووگەی داهێناندا)

شاعیر خاوەنی بەهرە و داهێنان بووە ، توانا و دەسەلاتی لە نێو ئامێزی شیعردا لەنێو دەریای پڕ لە گەوهەردا سەولی خەیالاتی و دووربینی لێداوە ، لە شەوانی تەنیایی و لە دامێنی تەنگژە و لە خۆشی و ناخۆشی ژیاندا ، زەنگی شیعری شێخ دەنگی هەبووە ، كەواتە ناكرێت هەر ئاوا بە ئاسانی لەو بەهرە و ئەزموونە شیعرە لەو سەروەت و سامانەی شاعیر بێ مەبەست واز لەو هەموو شقڵە و چڵە و چەپكە گوڵینەیە بهێنن ، ئەو دەستەواژەو زمانە جوان جوانە كەلە هەژانی وروژانی دەروونییە وە كە سەرچاوەی گرتووە بێدەنگ بین ، پێویستە خوێندنەوەیەكمان بۆی هەبێت و بەچاوێكی ویژدانییەوە و بە دڵێكی فراوانی رەخنەگرانەی داهێنانەوە لە نێو خودی ئەو دەقانە كە شاعیر لە چەند فۆرمێكی جیا .. جیادا نەخشی كردوون و وێنەی گرتوون ، بەو هەناسە شیعرییانە خوێندنەوەیان بۆ بكەین، كەلە دوا ساتدا هەست بەوە بكەین كە چ شیرینێك و لەزەتێكمان پێدەبەخشێت و توانا و چ هەقیقەت لە نێو بزاڤی رۆشنبیری و

ئەرکی شاعیرانەی بەجێ هێناوە ، ئەوکاتە تێدەگەین کە شاعیر لەوەی تێپەڕاندووە کە بەسانایی رابورین و بێدەنگ بین ، راستە زمانی شیعری لەلای شاعیر گەڵێ سادە و رەوانە رەنگە لەلای زۆر شاعیری داهێنەری تریش وابێت ، بەڵام ئایا دەکرێت بپرسین کە لەو زمانە چی پێکهێناوە ؟ چی لەلا گەڵاڵە بووە ؟ کە بۆتە دەقێکی شیعری سەرکەوتوو ، لەمانە نموونەی زۆرن بەڵام من تەنیا دوو نموونە دەهێنمەوە ، کە یەکێکیان شیعرە بەرزەکەی مامۆستا گۆران و ئەوی تریشیان شیعرێکی شێخ ئەنوەر خۆیەتی.

مامۆستا گۆران دەفەرموێت:-

کانییەکی رووتی بەر تریفەی مانگە شەو
لە بنیا بلەرزێ مرواری و زێخ و چەو
جوانترە لە لای من لە دەریای بێسنور
شەپۆلی باتە بەر تیشکی خۆر شڵەپ و هۆڕ

لەم شیعرەدا تێدەگەین کە هارمۆنیایەکی مۆسیقی بەهێز هەیە لەگەڵ بزوێنەری رۆحی مرۆڤدا لەگەڵ سروشت و ئێستاتیکای (علم الجمال) شیعردا ، لەگەڵ وێنەیەکی جوان و زیندوو هەروەها زمانێکی سادە بێ رتووش و سانا دەبینی، کە خوێنەر دەخاتە جیهانێکی ئەفسوناوی یەوە، کە ئەمە بەخشینی داهێنانە.

ئەگەر ئاوڕیش لە شێخ ئەنوەر بدەینەوە ، زۆر وێنەی شیعری جوانمان دێتە بەردەست ، لە دەسەلاتی داهێنان و ئەو مۆسیقا رۆحیە شعریە چۆن لە ناخی شاعیردا تاری وشە سازی و جوانی وێنەی شیعرێکی جوان بەرجەستە دەکات .

شێخ ئەنوەر دەڵێ:-

کـــــام دەست ، کام پەنجـــــــە

کـــــام خەیـــــــاڵ توانـــــی

وێنەت بکێشـــــێ ئاوا بەجوانـــــی

مـــەگەر هـــــەر گـــــــــەردوون

لـــــە دەریـــــــای نـــــــــــازا

وێنـــــــەت بکێشێ کەوا ســـــازا

هۆشداربین لەوەی شاعیر چۆن کارامە و جوانکارانە ، ئەم زمانە شیعرەی خوڵقاندووە ، بەبێ ئەوەی خۆی زەحمەت بدات لە چەند وشە و دەستەواژەیەکی دیار و بێ گرێ ئەم وێنە جوانە دروست بکات وە بیچنیچت ، کەواتە بەسەرنج دانێک لە هەردوو پارچە شیعرەکە ، بەهرە و داهێنان و توانایی چ لە تەکنیک و هونەری شیعری و زمانی شیعری و ناوەرۆکی پتەو و سەرسوڕهێنەر دۆش دائەمێنن و تەزوویەکی پڕلە هەستی جوانی سەرەتایی مێشک و هەناومان داگیر دەکات و خۆشیمان پێدەبەخشێت ، ئەوکاتە لە ڕیتمی شیعر و مۆسیقای ئەو شیعرانە کە لەسەری ڕاوەستاون ، کەواتە ئەگەر کەسێکی ڕەخنەگریان لێکۆڵینەوە کارێک دەست بەرێ بۆ سەرجەمی شیعرەکانی شێخ دەبێ چۆن هزری لەگەڵ ئەم شیعرانەدا بجوڵێت

(جووتە پێڵاو ، شاکاری گەردوون ، کۆچی هەورە ، هەناسەی خەم .. هتد) پێم وایە دەگاتە ئەوەی کارسازی و قەڵەمی هزر و لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی و هونەری لە دنیایی شیعرو ئەدەبدا بۆ تەرخان بکات .

فوئاد محەمەد ئەمین سەراج

(کیژی مەی فرۆش*)

کەی بە مـەی سەرخۆش دەبم، هەی هەی لەکیژی مەی فرۆش
ماچـــی لێوی ئاڵی تۆیـــە ، خوێنـــی مـــن دێنێتـــە جـۆش
من بـۆ سایەیـــی سامانی جوانیت، وەك گەدا کڕنوش دەبـەم
بـمـسوتێنـــــێ پووی وەك پۆژت ، پـــەنـــا بـــۆ پۆژ دەبـــەم
ماچی پێکـم کرد بـە ڕووخاوی ، لـــە عەزرەت لێوی ســـوور
بەو دڵە شێتەی سووتانم ، هـەر بـە چەشنـــی کـــێوی تـــوور
تەیـــری دڵ وا کەوتـــە لـــەرزیـــن ، باڵی پەروازی بـــزووت
هـــەر وەکـــو قومـــری دەنالێنـــێ ، لـــە شـــەوقی ئارەزووت
ماچـــی پێـــك و ماچـــی لێـــوت ، یـــەك لە یـەك ئاگر تـــرن
هـــەردوو کافـــــر بوون ، سوتانـــم جـــا لـــە سەرمـــا چاترن

---

* ئەم هۆنراوەیە لەلایەن هونەرمەند (میدیا حسێن) کراوە بە گۆرانی لە سالآنی حەفتاکاندا ، ئاوازی گۆرانییەکە (شێخ ئەنوەر) خۆی بۆی داناوە ، داوای لە هونەرمەند کردووە کە بە گۆرانی بیلێت ، ئەویش بە شێوەیەکی بەسۆز و دڵفڕێن وتویەتی ، ئەم زانیارییەم لە "میدیا حسێن" وەرگرتووە ..

(نالّه یەك.... *)

بـــــه خەوی هەتیو ، بە شێوی برســـــــی
بـــــه ڕێگەی سەختی ، پڕ لە مەترســـــــی
بـــــه نالّەی فەرهاد ، بە سۆزی شیریـــــــن
بـــــه شاگردانـــــــی ڕێبازی ئـــەویـــن
بـــــه شەرمی سوالّی، پیاوی لێقەومـــــــاو
کـــــه بەسەرهاتی، هەست ناکرێ بەچـــــاو
لـــــه رووی نامـــەردا کـــــــزو بێنـــــازن
لـــــه ڕۆژگـــاری ڕەش مـــــەرگ دەخـــوازن
بـــــه وێنەی ناسۆر ، لە پـــــــــــەڕەی دلاّ
بـــــه شۆخی ناکام ، لە کۆشـــــی گـــــــلاّ
بـــەو کۆڕپـــــه جوانەی ، ڕمیان خستـــــه دەم
لـــــه بـــرســـا مـــژی لێئـــەدا وەك مـــــەم
دایکـــــی پێکرابـــوو ، لـــــه پـــــــەنایـــەوە
لـــــه خـــوێن و زامـــــــا ، دەتـــلایـــــەوە
بـــــه نـــــیـــوە گیانـــــێ ، ئـــەپارایـــــەوە

---

* ئەم شیعرە لە نامیلکەی (دەنگی چەند شاعیرێك) کۆکردنەوەی (مامۆستا نومێد کاکە ڕەش) بەرگی یەکەم ساڵی ٢٠٠١ بلاّو کراوەتەوە ، نیوە دێڕی کۆتایی وەکو نەوەی خوارەوە نووسراوە ، بەلاّم ئەو دەقەی لای ئێمە بوو وەکو ناو شیعرەکە نووسراوە ، پێم وایە لە ماناکەی ناگۆڕێت چونکە زۆر شاعیر بە تاك یان بەکۆ شیعرەکانی دەماو دەمی کردووە ، واتە خۆی چۆنی پێخۆش بووە ناوا جێگە گۆڕکێی بە وشەکان کردووە..

کوشتیـــان ، کۆرپەیان ... پـێ نەدایـــەوە
بـە چەرخی چەپ گەرد ، بە مەیلی سروشـــت
بـەو ئەشکـــەی لەیلا ، بۆ مەجنونی رشـــت
بـــەو هـــەژارانـــەی ، بێسایـــە و مایـــە
ژیانیان لـەســـەر سینییـــە ... حەڵوایـــە
گـــوڵـێی شەرەفیـان گـەرداوی ناکـــەن
حەڵـــوا دەفـــــرۆشـــن نانـــێ پەیاکـەن
نابـــن بـە جاسـوس ، نابـن بـە رێـــگر
خێـــوی بـرسێتـــی ، ئەنیـێنـــە ئاگـــــر
بـــەو کیـــژۆلانـــەی ، بـــەزۆری دینـــار
خـــــراونـەتـە نـاو دۆزەخـی ، هـــاوار
کـــە بـە ناچـاری چـوون ، خۆیـــان سوتـــان
جوانـــــە مـــەرگبـــوون ، تۆران لـــە ژیـــان
بـــەهاوســـــەرەکـــەی قـــوتابـــی هـــەژار
کـــە جەنگـان لـــەگـــــەڵ کۆسپـــی رۆژگـــار
هیچ دەربەسـت نەبم ، بـــە ئێش و ئـــــازار
هـــەتـــا ئـــەو رۆژەی ، ئەمنێنـــــە مـــەزار
توانـــــام تـــەرخانکـــــەم ، بـــۆ نیشتمانـــم
سوێند بـــێ بە رووتان ، نەشکـــــێ پەیمانـــم
((سوێند بە ڕووی ئێوە ، نەشکێ پەیمانـــم))

(زەنگی شەهید *)

لـــــە زەنگی شیعری دام ئەم شـــــەو پۆلە شەهیـــــدێ
وتیـــــان ... یـــا شیـــخ ... فیداکار بووین ... نەشیـــدێ
وتـــم بـــۆ کێن ... وتیان ... ئێمـــــە شەهیدی ئێوەیـــن!؟
ئـــــەی نازانـــــن لـــــەگەڵتانـــا ..... بەڕێوەیـــــــن
لـــــــە جەنگـــــی سەخت و دژوارا .... هەموو دێـــــین
لـــــــە هێرشدا ... لـــــە سەنگەردا.. بەپێوەیـــــن
ئـــــــەگەرچـــی ئێوە ... نابینـــین ... بـــــە شێـــوە
لـــــــەگەڵ بـــــــا ... تێکەڵە ڕۆحمـــــان بـــــە ئێـــــوە
لـــــە ئێوەیـــــن ... بـــــۆ ئێوەیـــــن بـــــۆ ئێـــــوە
لـــــەسەر سەرتان ... خوێنمان دەکـــا کڕێـــــــــــــوە
کڕێـــــــــوەی شـــــــــۆڕشێکـــــی یـــــەکســـــانـــی
لـــــــە خاك بپرسن پێتان دەڵـــێ .... بـــارزانـــی ....!!

---

* ئەم شیعرە شەش بەیتی یەکەمی لە ساڵی ١٩٩٤ دا وتوویەتی بەڵام بەیتەکانی دوایی کە تەواوکەری شیعرەکەیە ، دەشێت لە ساڵی ١٩٩٧ دا تەواوی کردبێت وە بۆ یەکەم جار بۆ خۆشی خوێندوێتیەوە ، چونکە لەو کاسێتەی لەگەڵ برایان کاك جەمال غەمبار و کاك هەژاردا بە دەنگی خۆی وتویەتی تەنیا ئەو شەش بەیتەیە، کە شیعرەکەی بۆ من خوێندەوە و پێکەوە نوسیمان ، لەهەمان ساڵدا ناردم بۆ ڕۆژنامەی (برایەتی) تەواوی شیعرەکە لەوێدا بڵاوکراوەتەوە. دیارە شێخ زۆر ئەوە مەراقی بووە ئەگەر زانیبێتی ئەو شیعرە تەواو نەبووە لە ناخیا قوڵپی داوە و جۆشی داوە ، هەتاکو بە تەواوی لەلای لەدایك بووە ئینجا هەست و نەستی ناسودە و ئارام بووە و زۆر جاریش ئەو شیعرانەی دەوتەوە ... بێ ئەوەی خۆی بیان نوسێتەوە، بۆیە هەندێ جار پاش و پێش یان دابڕان و لێکچون و دووبارەو وشە گۆڕین تێیدا ڕووێداوە.

(ئەندێشەی فراوان)

لـــە ئەندێشەی فراوانـــــــــا .....
هـــەرچـــەنـــد شـــەوە رۆژی ژینـــم
لـــــــە باخی عەشقـــی لاوانـــــا
کـــــــە رووی زویـــــرتـــان دەبینـــم
لـــــــەژێر چـــەپۆکـــی ... تاوانـــا
بـــــەچـــــی تینوێتـــی... بشکێنـــم
رۆڵە بـــە مـــەی ... یان بـــە گۆرانـــی
بـــە .. گریان ... یان بـــە رەشپۆشـــی
بـــەو کـــــارەساتانـــەی دیمـــان و
چـــــــاومـــــان.... لێپۆشـــــی.....
نـــا ...نـــا....ئەڵێم ... نـــا...نـــا ... نابێ
بـــا خوێنـــــم نەوتـــی چرایـــەك بـــێ
جـــەرگـــی شـــەوە زەنگتـــان ببـــڕێ
شیعـــــرم دەبـــێ ... عەسایـــــەك بـــێ
موســـــایـــــەك ، دەستـــی پێبگـــــرێ
وەك پاســـــــــەوانێکـــــی نامـــــووس
رووپۆشـــــەکـــان ، لـــــە رووبـــدڕێ

نالّـــەم دەبـــێ ..... هاوارێك بـــێ
کۆشکی ستـــەم ..... بلەرزێنـــێ
خـــــەوی هـــــەزارەهـــــا لاوی
ئـــەم سەردەمـــە بـــزرێـــنێ
چـــی بپۆشین ... چی دە پۆشـــــین !؟
بـــە لێفەکانـــی ســـەدەی دوکـــان
خـــــۆ .... دانەپۆشـــــیـــــن!!

(جووتێ پێلاو *)

خامـــه: وەرە لەگـــــەڵ تاســـــەم
لەگـــــەڵ شەپۆلـــــی هەناســـــەم
زویر مـــــــەبە ... لـــــە پەنجـەمـــا
لـــــە گێژاوی.. ئـــــەم باســـــەمـا
لە ســـــــــەر دێڕی پەڕەی شێـــــواو
چەندین رووداو .. چەنـــــد نەشـــیاو
هەڵنەهێنجـــــم لە گیانی خـــــــۆم
لـــــــە ژیانـــی ئەمڕۆی ... ئەتـــــۆم
لـــــــــــە ... بۆ گێتی .... لە بۆ مـــرۆڤ
لـــــــــــە رووداوی سەد ئاخ و ئـــۆف

---

* بە یادی ئەو هەتیوانەی کە نازی دایکیان لێ ونە و لە بەردەستی باوەژن بێنازن و خراپ ....پەروەردە دەکرێن ، کەوا لە رەنجی شانی خۆیان ژیانێکی تاڵ لەو سەردەمەدا بەسەر دەبەن ، ئەو منالەی کە جوتێ پێلاوی کڕی و لێی ون دەبێت ، لەترسی ئەو زاڵمەی کە ناوێرێت بچێتە ماڵەوە ... ئەو چیرۆکە تاڵەمان بۆ دەنووسێتەوە ، شێخ لێرەدا بە کامێرای چاوەکانی بە هەستێکی نەتەوەیی و نیشتمان پەروەرانە بە رۆحێکی پڕلە ویژدانەوە ، وێنەی کارەساتێکی جەرگ بڕی ئەم نەتەوە ستەم دیدەیەمان ، لە روانگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەو ڕۆژگارە ڕەشەدا بۆ دەگێڕێتەوە ، کە هەتا هەتایە ئەم چیرۆکە شیعرە داستانێکی نەبڕاوەیە ، ئەم شیعرە هونەرمەندی نازیز (حەمە جەزا) والیدەکات کە بە مەقام و بەشێوەیەکی بەسۆز و دڵتەزێن لە سالانی حەفتاکاندا بە دەنگە خۆشەکەی بیچڕێت. ئەم شیعرە لە گۆڤاری (نووسەری کورد) لە ژمارە (٧) سالی ١٩٧٤ بڵاوکراوەتەوە

چەنـــــد ئابڕومـــــان تکان بۆچـــی !؟
چەنـــد گوڵمـــــان هەڵوەران بۆچـــی !؟
بـــــــۆ نان ... بۆ ڕۆژێ لە ژیـــــــان
پەنایـــــــان .... ئەهێـــــــنا بۆمان
خامـــــــە :- لە گەڵ جووتێ پێـــــلاو
جووتـــــــێ ... پێلاوی بەجێمـــــــاو
منالێکـــــــی سەر لێشێـــــــــواو
هـــــــات بـــــە پرتـــــــاو..
لـــــــە شارەکەی ... پڕ مەتـــــرسی
رایدەکرد... بە سکـــــــــی برســـــی
ئەڕۆی ... ئەیـــــــوت و... ئەیپرسـی
جوتـــــــێ پێلاوی ... بەجێمـــــــاو
چاوی سەرنج لـــــــەجێ ی جێمـــــاو
ئەخولانەوە وەك بینـــــــی ئـــــــاو
پڕبوون لـــــــە خۆزگەی تێکشکـــــاو
ئەڕۆی ئەیـــــــوت : جوتێ پێـــــلاو
بڕیار:- دایە .... دایە ... نەیدۆزمـــەوە
ئەمشـــــــەو لای تۆ ... ئەمێنمـــــەوە
لـــــــە گۆڕستان ... شەوی زستـــــان
ســـــــەر ئەنێمە سەر گۆڕەکـــــــەت
بەسەر هاتـــــــم... ئەگێڕمـــــــــەوە
هـــــــەرچەنـــــــــد شـەوە ...و
منالێ هەمووی گێـــــــڕی خـــــــەوە

دایـــــــه خەوی تۆش دەزڕێنـــــــم
لەگەڵ خۆمـا ... ئەتگرێنم... ئەتگرێنـم
تا مردووەکان ... گشـــــت هەڵئەستـن
کـــۆڕی دواڕۆژیـــان دەبەســتـــــــن
ئەوســـــا ... سنگت بکـــــــــەرەوە
فرمێسکێکـــــم ورد بکـــــــــەرەوە
ئـــــەو فرمێسکـــــەی دوێنـــــــێ
دەرگـــــای شەرمـــــــێ شـــــــکان
لـــــــــە چـــــاو رژا ئـــــــازار و ژان
ئـــــەو فرمێسکەی ، هەر دڵۆپـــــــــەی
کـــــە بـــــەخەمـــێ دائـــەگیرســـــێ
لـــــەگێتیـــــــدا چونکە منـــــــم
هیـــچ دادگایـــــەك لێـــی ناپرســـێ!؟
دایـــــە: لـــــەسەرمـــــا وا ئەمـــــــرم
بـــــەرۆکـی کام پـــــەنا ... بـگـــــــرم
دایـــــــە دوای تۆ باوکیان بـــــــردم
لـــــــە خوێندنیش ... دەریان کـــــردم
رێـــگـــــەم بـــدە....
بـــا لـــــــە ژوور سەرتـــــەوە بمـــــرم
دایـــــە دایە ، لەم شوێنـــــــــــــەدا
چـــــــــەنـــــد هـــــەڵوێســـتـــــێ
بـــــۆ مـــــەبەستـــێ....
ڕێ ئـــــەبـــــەستـــــێ....

(لالە *)

رووانیـــــــم دەمەو شەفەق بەیان
شەونـــــــم ... گولآلەی ئەگریان
لەسەر رووی گولآلە سروشـــــــت
بۆ رازیّ شەونـــــــمی ئەرشـــــت
هەر بـــــەو رازە گـــــولّ راپەڕی
بەرگی تەنگـــــی خونـــــچەی دڕی
چـــــاوی کردەوە گولّـــــــی جوان
بۆ شەونمـــــی بەری بـــــــەیان
رژایە ناو جەرگـــــی رەشـــــــــی
تەڕبـــــوو پەڕی ئالّ و گەشـــــــی
دیمەنێکـــــی فرمێسك و خوێـــــن
ئەسازایەوە بـــــۆ هەوێـــــــــن
گریا رووی ئەو گولّـــــە جوانـــــە
بەفرمێسکی وەکـــــو تـــــــــانە
بەڕووی گولاّ گریـــــا سروشـــــت
بەسەر خەمـــــا تەرزەی ئەرشـــــت

---

* لە گۆڤاری (تریفە) ژمارە (٨) بلاّوکراوەتەوە لە ساڵی ١٩٧٨ ساڵی چوارەم لاپەڕە (٣٨).

(شەو گار[1])

شەوگار درەنگ بوو ، دێوانەی مەزن
تەقە هەڵسێنە لە مەیخانـــــەی من
بۆم تێکە پێکێ بینای چـــاوەکەم
خەم و خەیاڵی ئەمڕۆی ، تیا ون کەم
بۆم تێکە پێکـێ کەللەم بپێـــــکێ !!
ئاە و هەناســـــەم بەرم بۆ لای کێ !؟
باساتێ شێت بم ، لە دنـــــیا بـــەری
لە ژینی ئەمڕۆی پڕ دەردە ســـــەری
بۆ چەند هەناسە دنیا وێنەیـــــــــە
بەو پێکە بمخە دەریای وێنەیـــــــە
ئاوێنەی مەرگ و مردن دەبینـــــــم
ئەم هەموو گیانەش[2] گیای درووێنەیە !!!

---

[1] ئەم شیعرە هونەرمەند "حەمەی نێرگز" بەمقام گوتیەتی.

[2] گیانەش ـ ڕۆح

(شاکاری گەردوون *)

ئەڵێن سروشت خەتا ناکات، لەبەرچی تۆ ئەوەندە جوانی
هەزارانی وەکو من .. ئاهی جوانی تۆبوو ســـــــووتانی
لە سایەی سامانی جوانیتا، سەری کڕنوشی بـــەرپێتم
ئەوەی بۆ ڕووت نەسووتابێ ، منم ئێستا کەوا شێـــتم.!!
نیگاری تۆ لە کوێ بێنم ، هەموو ساتێ کە بنوێنـــــــێ
ئەگەر چی خۆ نیگاریشت دڵی بێچارە ... نادوێنـــــــێ
لە گۆشەی ڕوومە تا خاڵی ، بە دەردی ئەوین دەنااڵـــــێ
کە خاڵی ڕووت ئەتۆرێنێ ، بە گریە دەچمەوە ماڵـــــێ
لەخانەی خەفەتا دەم ـ دەم پەنا بۆ مەی نەبەم چیبکەم؟
لەپێکێکا هەموو ئاە و هەناسەم وننەکەم چیبکـــــــەم؟
بەهاری ڕووت دەپرژێنێ شەپۆلی پڕ لەرەی جوانـــــــی
(دەروونی) چۆن نەسوتێ، بـــۆ نیگاری دەستی یەزدانی
نەکەم ماچی بەهاری ڕووت، ناگەم لە بەهرەی خوایـــــی
درەنگە مەرگی کۆتاکە ، ژیانی پڕ لە تەنهایـــــــــــی
دەستی ئەفینەکەت بگرە ، بلاوێنە دڵـــــــــــی زاری
نەما ئارامی دڵ چارێ ، بنۆشین پێکی دڵـــــــــداری
ئەوا پشکوت لە لێوی تۆ گوڵی ئاڵی ئەوینی مـــــــن
دەبێ حاڵی چی بێ ، ئیتر دڵ و گیان و دەروونی مـــن

---

* ئەم هۆنراوەیە هەردوو هونەرمەند (کەریم کابان و حەمە جەزا) بەشێوەی مەقام وتویانە ، کە دڵی گوێگران دەهەژێنن .

★ دوو جار وشەی (دەروونی و دەروون) هاتووە کە یەکەمیان مەبەستی نازناوە و دوەهەمیان مەبەستی جۆشدانی ناخ و هەست پاکییەتی و ئەفیندارێ شاعیرە.....(ف)

(۱۹۷۹ ز گەلی عەلی بەگ)

(شێخ ئەنوەرو خێزانەکەی، لەگەڵ فوئاد سەراج و خێزانەکەی)

(خاك و ئەوین و غەریبی *)

تۆ..پەروەردەی کام ســـــروشتی !؟
هاتـــــووی لـــــه کام ولاّتەوە!
دلّـی تینووم بۆ شینایی چاوەکانت
بالّـــــی حەزی دەکاتـــــــــەوە
ســـــــۆز و نیگای چاوەکانـــــت
دلّم ئـــــــەبا.. دەستـــم ئەگرێ
بـــــۆ (هیران و نازەنینی) ولاّتەکەم
ئـــەمبـــاتـــەوە.....
ئەمباتەوە ... بۆســـــــــەری رەش
بۆ بەهاری سەرچـــــــاوەی گەش
بۆ شوێنەوارەکـــــــــەی دێرین

---

* ئەم شیعرە جۆرێك لە خۆشەویستی بۆ زێدە بوونی تیایە ، بەلاّم شێخ ئەنوەر لەگەلّ ئەوشا هاوینە هەوارەکانی کوردستانی بۆ رەمزی پێکەوە ژیان و خۆشەویستی خاك و ئەوینی ئەتەوەیی پر لە ئەفیندارێ پێوە گرێ داود ، لە دوا ساتەکەشیدا نارامی دلّی بۆ شارەکەی کە تیا پەروەردە بووە و تیا ژیاوە ، لەو شارەدا کورەی شیعر و کۆڕی خەبات و کوردایەتی و سروشتی لە ئامێز گرتووە، بۆیە ناواتە خوازی ئەوەش دەبێ کەلەوێش بمرێت و مردنەکەی بە خۆش دەزانێت هەر ئەوە ئەو خاکەش بوو کەلە سەیوان نازیزان و هاوبیرانی و قەڵەمی شاعیرانی نەمردا ناوێتەی ئەو خاکە بووە و بەنارامی تیا راکشا.

* هونەرمەند (صەلاح مەجید) بەشێك لەم شیعرەی کردۆتە گۆرانی..

بۆ دیدەنی خاکی شـــــــــیرین
– مـــــەڕۆ.. مـــەڕۆ..
دڵـــم تۆیە... دڵم تۆیە
بێتۆ ناژیم لـــــــەم نامۆیە
لەش و لاری تـــــــــۆ!!
نیگاری وولاتەکەی منی پێیـــــە
ئەی نازانی پـــــــــەپولـــەکان
لە کۆڵ و نشـــــــێو
بە پەڕۆشن بۆ ماچی لێـــــــــــو
دێن و دەچن دەخولێنـــــــــــەوە
دەریشیانکـــــەی...
هەر دێنەوە... هەر دێنـــــــــــەوە
لەسەر پووی تۆ.. لەنگەر دەگـــــــرن...
خۆ بشسوتێن ... بێدەنگ دەمـــــــرن
بێدەنگ دەمـــرن
زادەی بیریان لە عەشق دەگـــــــرن
بە عەشق دەژین بە عەشق دەمـــرن
مەڕۆ مەگـــــــری...
وێنەکانـــــــــم...
لەناو چاوتا ... مەشـــۆرەوە
لـــە وێرانەی دڵی مـــنـــا...
پێکی حەسرەت ... مـــەخـــۆرەوە
وام، لە تاڤگەی پرچەکانـــــتـــــا

بەرەو (گەلی) بـــــــــــمبـــەرەوە
بمبەرەوە..بۆ شارەکەی گزنگی خۆر
شنەی جوانی.. ئێستا گوڕەی بەهاریـــەتی
لێـــوان .. لێـــو بـــوو
لـــە جـــوانی
بڕوانین بـــۆ چیای گۆیـــــــــــــژە
لـــــــــە باوەشیا سلێمـــانـــــــــی
لـــە شانـــــی راستـــــییەوە ئەزمەڕ
چـــیای سەرکەشـــی بابانـــــــــی
بەرامبـــەر (گلّـــــــــــەزەردە) ی
شمشێـــری زێڕینـــی سۆرانـــــــی
بـــــە بەژن و بـــــالاّیا هەڵچـــــــوو
گـــولاّلـــــــە سوورەی نیـــسانـــــی
بـــۆ پشتێنـــی قـــەدی خۆشـــــی
رووبـــــاری تانـــجـــەرۆی هـــــانی
بـــــــــمبـــــەرەوە...
بمبەرەوە بۆ ئەو شارە پڕ لە ڕێز و بـــــــە پەرۆشە
بە وەلاّهی لەوێش بمرین، مردنەکەشی هەر خۆشـــە
جێم مەهێڵە دڵی منـــە، چـــەشنی سایە بەدواتـــەوە
مەگەر هەرخاکی بەفروخوێن جوانی وەك تۆ بخاتەوە
بـــچینـــەوە بـــۆ سەرچـــنار
بـــــۆ هاوینـــــــە هەوارەکـــەی کەناری شـــــار
شەپۆلـــی پـــڕ لەرەی جوانـــی

دەکشێ لەگەڵ رەوتی بەهار
لە لێوی پڕ خەندەی نزار
دەڕژێ سووراوی لالەزار
بەهرە و بەهار دەستو نیگار
بانگ دەکاتە گیانی هەژار
با بچینەوە .. با بچینەوە
بۆ سەرچنار...

(کۆچی هەورە *)

واکۆچی هەورە، وا کورد بەڕێیــــــــــە
وا خۆر لەگەڵمان، بە چاو شار کێیــــــە
بۆ سەربەخۆیی، تێکۆشین هەمـــــــوو
ئیتر با بەس بێ، ئەم من و تۆییــــــــە
دوژمن ئەڵێ ــ رەو، خۆی جێگەی کـوێیە
کورد تاپۆی سووری ئەم خاکەی پێیــــە
هەر مشتە خۆڵێ له خاکی خۆییــــــــە
ئێسك و پروسکی. نەژادی تۆییــــــــە
هەر له ئارارات... تا جەبەل حەمریـــــن
ناو و نیشانی... ئێمەیان پێیــــــــــە
کەشتیەکەی نوح، رێ وجێگەی کوێیە!؟
دەهەڵسە ئادەم گۆڕت لەکوێیــــــــە !؟
بەمانە بڵێ کورد چییە و کێیــــــــە !؟
ناوی چەند شاری ئێمەتان گـــــــۆڕی
هیچتان پێنەکرا ، بەم نابەجێیــــــــە
بڕوانە مێژوو ، پڕ بەڵگەی تۆییــــــــە
ئێستا کە نەوەی کوردم هوشیـــــــارم
نەما ئەو رۆژەی کە کێ بە کێیــــــــە !؟

---

* ئەم شیعرە بۆ ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ۱۹۹۱ باشوری کوردستان گوتراوە ، وە لە ڕۆژنامەی (وولات) لە ساڵی ۱۹۹۲ بڵاوکراوەتەوە...

(ڕەنگەکانْ و تۆیْژەکان *)

یەك ئەڵێْ زەردم .. دوو ئەڵـــــێْ سوورم
سێْ ..ئەڵـــــێْ ئۆخەی لە هەردوو دوورم
چواریـــــش.. خاوەنی یەك دوو عانەیــە
ئەڵێـــــــــــی مریشکی ناوکولانەیـــــە
هەوڵْ و هیـــــــمەتی هەر بۆ ئانەیـــــە
پێی بڵێْ ی کـــــوردی ، لای بەهانەیــە
شـــــــار بەجێْ دێڵێْ کاتی تەنگانـــە
ئەبنـــــــــــە هاوسەری پیاوی بێگانــە
پێنجیش.. یاشێـــــخە بـاری بۆ ڕێخــە
کۆیخاش..مەعفوە .. مـــحسوبی شێخــە
شەشیش..ئاغایـــــە ، پیاو کوژی لایــە
بۆ بـــــگرە و بـــــــەردە ، دەستی بالأیە

---

* چلی و حەفتای لە سەردەمانی سینەماکانی سلێمانی (ڕەشید ، گۆیژە ، سیروان)، دووجار چونە ژوورەوە هەبووە واتە لە ریزی پێشەوە (٤٠) فلس بوو ، ریزی سەروتر (٧٠) فلس بووە.....

نەم شیعرە لە سالّەکانی شەستەکاندا وتراوە پەیوەندی بەم سالأنەی دواییەوە نییە، شیکردنەوەی نەم سەردەم و کۆمەڵگایە وێنەیەکی نەو کاتە تومار دەکات، ج لە رووی بێباری و دوورە پەرێزی و دەسەلأت و راکردن لەو واقیعە دەردەخات کەوا لە شاعیر بکات تەنیا خەم و داخی بۆ نەمێنێتەوە ، کە چۆن هەموویان لە نەرکی نیشتیمانی و نەتەوەییەکانیان رادەکــەن و بەشــداری لــە خــەم و ژان و نــازار و مەینەتییــەکانی نەتەوەکەیان ناکەن.. (ف)

حەوتیش .. مام حاجی دوای پیاو خراپی
لە مالّی کەعبە ئەدا لـــــــە قـــــاپی..
ئەڵێ: سەد تۆبە ، پاشگەز بوومـــــــــەوە
لەو گوناهانەی ، وا بە دوومـــــــــــەوە
هەشتیش .. رۆشنبیر ، ئەڵێن ئەفامیـــن
جۆرەها مەزە بـــــــە پێـــی ڤیتامـین
لـــــەسەر مێزی مـــەی ئەرازێننـــــەوە
هێندە هەڵئەدەن تـــــا ئەڕشێنـــــەوە
نازانن فەرقی شەو و ڕۆژ کەیـــــــــــە
لایان زانیاری ، هەر تەنیا مەیـــــــــــە
بۆ چوونە حیزب .. لەبۆ ئابوونـــــــــــە
نـــــۆ چلـــی ... ئەبـــڕێ
دەش..هـــــــەر حەفتایـــــی
بەعـــــــزێ سەرسەریـــش
دێـــــــــن بـــــە خۆڕایـــی
لە دێرینـــــەوە ..ئەم سینەمایـە
ئاخ و ئۆفەکەی لـە ســینەمایـە
زەردی یـا ســـوری
سەوزی پاکـــــەوە
کێ دەستی بـــــڕوا
خۆم ... لەگـــەڵ ئەوە

(شیوەنی گوڵ)

گـــوڵـــێ پشـــکوت لەناو دڵما بە عومرێکی گرفتـــــاری
لـــــەبار و بـــاوەشی عەشقا ئـــەژیم نێستا بە ناچـــــاری
لە ئاکاری شـــــەما ئەمـــشەو ئەوەندەم شین و زاری کرد
بەڕۆح کڕیاری جـوانی بووم، سەوای عەقڵی منداڵیم کرد
دەمێکە من بـــــەدوی تۆدا، کە وێڵ و بێسەر و شـــوێنم
لە باغی عەشق و ئاراما، گوڵی بێداری ئەڕوێنـــــــــــم
بەرۆژووی چاوەکانی تۆم، خوا کەی چاوێ هەڵبێنـــــم
لەبەر بانگی دڵ و لێوا، بە رۆژێ رۆژوو بشکێنـــــــــم
هەوارگەی هەوری ئەوینم، بارانی غەم دەبارێنـــــــــێ
لە گوڵزارا نەبوو نەمدی، گوڵێ شێوەی تۆ بنوێنـــــــێ
گوڵم،گوڵ کەی لەباخچەی دڵ بولبوڵی سەرچڵ دەتارێنـێ
شەپۆڵی پڕ لەرەی جوانیت لە چاوانتا شەپۆل دێنـــــــێ.

(ئاگری عەشق)

دەم بەڕۆژوی ڕۆژی ڕووتە ، خۆ ڕەوایە شـــــەو دەمێ
با بدا جانە لە جامی خوانێ ، ڕووخسارت دەمـــــــێ
لەو شەرابی گیانی عەشقە ، ساقی :ۆم تێکە ژەمـــــێ
گیانێ بەگیانم بدە ، سا گیانە با گیـانت دەمـــــــێ
دڵ لە حەسرەت عەشقی تۆیە ، دێ بەسەرما پەرکەمـی
داد و فریادێ دەکەم ، سا بتگەمێ یا نەتگەمـــــــێ
ئاگری عەشقت لەدڵما بۆتە ئاھ و ئاگـــــــــــــرێ
ئەو کەسەی ڕووی تۆ ببینێ ، چەند بسوتێ نامـــــرێ
مێرعوزاری چاوەکانت ، جێی دڵەی غەمگینمـــــــــە
نائومێد نابم کە من برژانـــەکـــەت پـــەرژینمـــــــە
ڕووی نیگاری مەستی جوانیت ، نەوبەهاری ژینمـــــە
پێم ئەڵێ:خۆشت ئەوێم، هەر خۆری هەردوودنیاودینمە
هاتم و ڕێ و جێم نەبوو ، خاڵێ بەلێوی گەرمـــــــەوە
جێی گوڵی ماچێ بچێنم ، ئەم دڵەی بۆ بەرمـــــــــەوە.

(پۆیلانەی بەهار...)*

زستان پێی نەماوە هەناو
گوڵی چواڵەی دیوە بەچاو
وا زاڵبوو تیشکی خۆرەتاو...
بۆ کردگار هەزار سڵاو...
مژدە لە هەژار و هەتیو..
مژدە لە دەست و پێی تەزیو
مژدە لە بێ جێگە و لانە
مژدە لە رێبواری بانە
بڕوانە پەلکە زێڕینە
دیمەنی چەندە شیرینە
لەسەر تەختی نێرگزە جار
تاقی لێداوە بۆ بەهار
کەفی تاڤگە بە وێنەی زیو
ئەڕژێتە ناو دامەنی شیو
ئەبریسکێ لەسەر کلی چاو
تاوێ باران ... تاوێ هەتاو
تاوێ هەردووکیان تێکەڵاو
باڵی بێتینی پەلەوەر...
کەوتنە شنە لە دەشت و دەر...

---

* لە رۆژنامەی (ژین) بڵاوکراوەتەوە ، (١٩٧٢)

هەریەك لـــە چەشنە ئـــــاوازێ
لە نازی سروشـــــت ... دەخوازێ
جوانی و خۆشەویستـــی و خەیاڵ
بێگیان ئەخاتـــە ... گروگـــــاڵ
لەسەر نۆتەی شەپۆلـی ئـــــاو
ئەخوێنن بەستەی تێکـــــــەڵاو
بای دار ئاوس ، بەبـــێ پشـــوو
شەپۆل ئەدا ، بە جـــــوانی روو
ئەشنێ بەســـــەر کۆ کۆســـــارا
بەسەر گۆپکە و چـــــــڕۆی دارا
هـــەر گوڵە چاو ئەکاتـــــــەوە
هەر دڵـــە یـــــــاد ئەکاتەوە
ئـــەم بەهارە بە هاتـــــــەوە
خەمـــی دەروون ئەشواتـــــەوە
بەهرە و بەهـــار دەشتو نیـــگار
بانگ دەکاتـــــە گیانـــی هەژار
هەستە بابچینـــە سەیرانـــــێ
خەمی سارێ لـــەوێ دانـــــێ
تـــا رووی لالـــــــە ، نەژاکاوە
تـــا پرچـــــــی بە رەزا خاوە
تـــا چیمـــــــەن تەڕ و پاراوە
هەستـــــە بابچینە سەیرانـــــێ
خەمی ســـــــارێ لەوێ دانـــــێ

بۆ/ "مامه"
شاعیر(عەلی کەمال باپیر ئاغا)وتراوە.

زویرە شێوەی , سروشت پێکاوت
لە دەریای دلاّ , وەی لە ژین ئەکەی
ئەنوێنیّ وێنەی , زەرد و ژاکـــاوت
لە پەنجەی هونەر, ئافەرین ئەکەی !!
بە دلّ تف دەکەی , لە رووی زەمانە
یارو یاوەرت , ئێستا گۆچانـــــــە
سەگی دەرمالّیش, لێت هەراسانـــە *.

---

* ئـەم هـۆنراوە سـالّی ١٩٦٩ وتـراوە , ئێمـە هـەموومان بـە شـاعیری پایـە بـەرز و مامۆستامان کە دوا شاعیری کلاسیکی نەتەوەکەمان بوو دەوت (مامە).

* ئەم وێنەیە لەلایەن خۆمەوە سالّی ١٩٦٨ دا گیراوە و لەلای خۆمان پارێزراوە .

(شێتێك *)

خاوەنی ناوێ، پـــــابەنـــــدی داوێ
هەســـــــت بریندارێ، شێوە شێواوێ
دڵ پڕئازارێ، لە ژیـــــــن بیـــــزارێ
پەنای ئەبردە، بەر ئەهلـــــــــی شارێ
بە شێتە ..شێتە، خەڵك بەدوایـــــــەوە
ڕوو بەڕووی خەڵکـە ئەوەستایـــــــەوە
ئەیوت:-من شێت نیم، شێتـی ناوئێوەم
شەیدای دیمەنـــی ئەو کەژ وکێـــــوەم...
بۆ کەوتوونە دووم ، بەردم تێ ئەگـــــرن
ڕێزی مرۆڤی خۆتـــــــان ، وا ئەگـــــرن
ئەو کەسە شێتە کەوتە دوای پیـــــاوێ
گاڵتـــــەی پێبـــــــکاو بەردی بۆ باوێ
زۆر کەس وەکومن ئاوا شێـــــــت کران
لە شێتخانـــــەدا بەزۆر دانـــــــــــران
ئێستا کە بەدن بێنـــــاز دەناڵـــــــــن
پێکراوی دەستـــــی ئێوەی مناڵـــــــن.

---

* ئەم شیعرە لە ساڵی ١٩٦٩ لە نامیلکەی گوڵدەستەی (شوعەرای هاوعەصرمدا) ، بەرگی دووەم لە نووسین و کۆکردنەوەی مامۆستای شاعیری پایە بەرز (عەلی کەمال باپیر) بۆ یەکەم جار بلاو کراوەتەوە .

* ئەم شیعرە لەلایەن هونەرمەند (کامەران عومەر) لە شانۆنامەی (من مرۆڤم) لە ساڵی ١٩٨٩ لە نوسینی فۆناد محەمەدئەمین سەراج بوو ، بەشێوەیەکی جوان و وێژدانیانە چڕپوویەتی . (ف.سەراج).

(چاوەڕوانی *)

بۆ ئیشێ.. بۆ کارێ، نەهاتـــــی تۆ جارێ
نیگایە .. دیـــــــدارێ ، سأ بەردت لێبارێ
لەرەی مووی پەرچـــەم ، لەسەر بڕۆی رەش
تریفە ئەدەن ، لەگەڵ چـــــــــاوی رەش
مەگەر هەر گەردوون ، بە تـــۆی داوە بەش
جوانی ئەندام و ڕێك و پێـــــکی لەش....
بۆیە مانگ، لە (کەل) شەو گوێی ئەکێشێ
تاشەوقی ڕووی خۆی لە تۆ بنۆشـــــــــێ
بەو شەوە دەڵێن ، شەوی مانگە شـــــەو
عاشقان ڕوو بە ڕووی ، مانگ دەچێتە خەو
کام پەنجە ، کام دەست ، کام خەیاڵ توانی
وێنەت بکێشێت ، ئاوا بەجوانـــــــــــی
مەگەر هەر گەردوون لە دەرێـــــــای نازا
ماندوویی خەیاڵ بوو ، تا شێوەت ســـازا

---

* نەم چوار کۆپلەیەی کۆتایی دووبارە دەبێتەوە لە شیعری (سروشت و جوانی) بۆیە پێویست بوو ئاماژەی پێبکەم .

(ف. سەراج)

(شەهید)

تکات لێنەکەم ، بۆم مەگری دایـــە
بۆ کورد هاتوومە ، ئەم کۆڕ و کایـە
هەموو بستێکی خاکی کوردستـــان
هەزاران رۆڵەی وەک منی تیایـــــە
یادم تاجێکە وا بەسەرتـــــــــەوە
پێی شـەرەف مەندی هەتا هەتایـــە
من گیان نەبەخشم..تۆ لەش نەنێژی
خۆری کوردستان.. هەرگیز هەڵنایە

(نەورۆز*)

ش: ئاگـری نەورۆز کە ئەکرێتـــــــــەوە
بڵێسەی ئـۆخەی بـەرز ئەبێتـــــــــــەوە
ب: هەرچەندە ئاسمان جەرگی رەش دەبێ
بەس زەوی بە گـوڵ ئـــەڕازێتـــــــــەوە
ش: لـــــــە هەموو شاخ و هەردو نشێوێ
گوڵ ئامادەیە بگەشێتـــەوە
ب: شەماڵ ڕۆح ئـەبا بۆ بـناری شـــــاخ
کـفنی سەر چیا ئەتـوێتـــــــــــەوە
ش: بەڵام بڵێسەی دەروونـــــــی کـــاوە
سااڵ بـــە دوای ساڵاً گڕ ئـەگـــــرێتـەوە
ب: دوژمن ئـــەلەرزێ کاتێ ئەبینـــــــێ
تیشکـی خـۆر گـەرمی وەرئـەگـرێتەوە
دڵخۆشە بـولـبول ، بـــە ڕەنگی سـەوز
گوڵاڵـە ســورەش ئـەگـەشێتـــــــەوە
چـــونـکە دیـمەنی سروشت ئەو ڕۆژە
ئااڵی کـــــوردستان بیر دێنێتـــــــەوە.

---

* ئـەم شیعرە تێهەڵکێشێکی شیعری شێخ ئـەنوەر و شاعیری لاو (بـەختیار دڵساف پشدەری)یە کە دوو بەیتی ئەنجامی داوە، واتە بەیتەکانی سـەرەتا هی شێخە و ئەوانـەی دووەم هی بەختیارە ، ئێمە لەبـەر وەفای ئـەو گەنجـە و ئـەو تێهەڵکێشە جوانـەی وامـان بەچاك زانی بااڵوی بکەینەوە.

(بۆ / بارزانی *)

ئەو پیاوەی مێژوو لە مەحەکی داوە
رابرد ،وی بۆ گەل وا لەبەرچـــــاوە
هەموو ئەزانین کێیە ئەوپیـــــــاوە
خودێ کوردانە ، (مەسعود)ی ناوە
گەڵ پێشەوای وا بیر رووناک بێـــت
زەرەو هایدرۆجین نایباتـــە دواوە...
مێشکی بەژیـــــــری زاخاو دراوە
هەرچەند کەناسۆر دڵی پێـــــکاوە
پـــەیمانی گشتی تەمەنـــــــی داوە
تـــا دەست نەکاتە ملی هیـــــواوە
لـــە جـەرگەی خەبات ناچێتە دواوە.

---

* شێخ ئەم شیعرەی بە هیچ شێوەیەك بلاو نەکردۆتەوە و لای هیچ کەس باسی نەکردووە تەنیا یەك جار بۆ هوشیاری کوڕی خوێندۆتەوە ئەویش نووسیویەتەوە . (ف.سەراج)

(هەناسەی خەم)

لە چۆڵگەردی ... شـــــاری دڵ...
بـــــە خەم .. خـــەم ، ڕاو دەکـــــــــەم ئەمـــشەو
بـــــە ئاگر ئارامم نایە، بە(مەحوی) ڕێدەکەم ئەمشەو
گڕی عەشقە لەخەرمانی خەیاڵـــم بەربووە...ئەمشەو
تەوژمی بایە... بێڕەنگە، لە نالەم کەڕبووە...ئەمشـەو
دنیا ... هـەر سارد و گەرمێیکە ، بەڕێیـــــــــــکە !!
نەکەی دڵدەی بە دنیا .. ڕێـــــی ، بە جێیـــــــــکە !
کەریمی دڵ، حەبیبی دڵ، لە یانەی دڵ ئەدا، ئەنوەر
چراخانە..نمی چاوت، لەحسرەت بێکەسەر..دەفتەر
کـــە با .. باڵـــی .. بە ســـەردا دایـــت و دامـــردی
لەکوێیە..دەنگوڕەنگ کێیە، کەئێستا خۆڵی بابردی
چ وەیشومەیەکە ، ویشومێ ، لە مالّ و باخەڵـی ناوە
هەموو نەفسی ، گرێداوە ، بە مالّ و حاڵی دنیـــاوە
سەری..بەرەو سەقەر دەڕوا، لەشی بەدەم ڕەشـــەباوە
چ شینێکە، لە چاوانتا .. دەشێ بەشینی ئاسمانـــی
چ هەورێ بوو ، بروسکەیـــدا، دڵی سووتاوی گریانی
چ..دەرۆیشێ بە پەرواوە، لە ڕووی ئاسمانی دەڕوانـی
لـــە بەینی دوو شینا ماوم، مەدەد یا پیری گەیلانـــی
کـــە بازەڵای شبیهم دی، بە ئایینەی زیکری یەزدانـی

دنیای دەرونم..ساڕێژبوو، بەنەشئەی پڕلەرەی جوانی شوکر..ئێستاکە دەربەستنیم، بەدنیای بێبەقای فانی.. دەبێ هەر جێژوانم بێ ، نزرگەی غەوسی گەیلانـــــی* ..

---

* ئەم شیعرە بەیەکێ لە هەرە شیعرە بەرزەکانی شێخی دادەنێم وەبە دوابن شیعری درێژی شێخ ئەنوەری دەبینم .. ئەم شیعرەی زۆر پێ مەبەست و لا خۆشەویست بوو، زۆر جار بۆی دەوتم.تا نووسیمەوە خۆشی بە شیکردنەوەیەکی فەلسەفی بە رۆحێکی تەسەوفەوە لە بابەت ژیان و مردنەوە دەیوت مەرگ کۆتایی بە هەموومان دەهێنێ .. تەنیا لاشەیەکی بەردەم رشەبا جێ دەمێنێ ، کە خۆڵ و خاشاکیان بەسەرا کردین، چیکە و جودمان نامێنی بۆ پەنا بردن بۆ خەمی ژیان ئەو قوڵبونەوەیە بۆ دیوی ناوەوەی مرۆڤ کە پاکێتی و یەکتا پەرستی ، پارانەوە بێت لەبەردەم دەرگای غەوسی گەیلانی، تا ئەویش نزا بکات لە خودا و بەرمو (لێخۆشبوونت بەرێ)، چونکە ژیان ئەو سیناریۆ و فیلمە بوو، کە رابردوو تازە هەناسەکان ناگەڕێنەوە و مەرگ کۆتایی بە تراجیدیای ژیان دێنێ بۆیە منیش لەگەڵ مەحوی لە تەنیایی و نائومێدیا .. لە نامۆی دەروونی خۆما لەگەڵ حەزرەتی مەحوی دەروونی خۆم دانەمرکێنمەوە.. بەرپێدەکەوم، نیتر گەیشتومەتە ئەوەی کە دنیا هیچە و هیچیش لەدوای خۆت بەجێ ناهێڵێت ، گرنگیشە لەبەردەم ژیانێکی وا هەڵنەخەڵەتێت و خاوەن باوەڕ و بە ویژدانەوە ژیابێت .

* بەشێکی ئەم هۆنراوەیە لەلایەن هونەرمەند (سامان عومەر) بە دەنگە بەسۆزەکەی بە ئاوازێکی جوانو چێژدار کردوویەتی بە گۆرانی ...

* ئەم هۆنراوەیە خۆم (خۆم ناوم لێناوە ـــ هەناسەی خەم) وە ناردم بۆ گۆڤاری نەو شەفەق لە ژمارە (٣٧) لەسالی ٢٠٠٥ دا بلاویان کردۆتەوە.

(شاری ... باروو*ت)

پێشکەشە: بە شاری شەهید..شاری هەڵەبجەی کوردستان،
شـاری باروو*ت ، کیمیاوی، خەردەل، شاری ١٩٨٨/٣/١٦ .
قـوربانی دەستی رژێمی فاشستی بەعسی عێراقی عەرەبی.

نمونـەی ژیانـی شیرین
مـــەلی نـــەورەس
ئەی مەلی جوان ،
بـــفڕە، بـــفڕە
بۆم بخوێنە بەستەی ژیـــان
با لە تۆوە ژیـــان فێربـــــم
منیش هەروەك تۆ
چـــــــاوتـێربم
شەپۆلی پڕ لەرەی هەستـت بـڕێژە
بەگوێی بەختم، ئاوازەکەت بچێـژە
بفڕە... بڕۆ
ئەی مەلی بێفێـڵ و درۆ
بفڕ.. وەرە
کوا!؟چیت دیوە لەم ولاّتە

---

* شێخ لەگەڵ کاك بەختیار عومەر خەزان دوای راپەڕین سەر لە هەڵەبجە دەدات لە ساڵی ١٩٩١ ، ئەم هۆنراوەیە هەوێنی ئەو گەشتەیە ..

لاله ئەگری
وەنەوشە شینی پـۆشیوە
پەپولە ماچی گوڵ ناکات،
بەڕەزا پرچی بڕیوە
شەتاو، خوێنـــاو
کانیـــاو، خنکاو
بەمار گوڵی هەڵوەریوە..
بفڕە بڕۆ....
ئـــەی مەڵی بێ فێڵ و درۆ
چیمەن وێران و دڵ وێـران
باخەوان وێڵ و سەرگەردان
دڵـــدار و دڵبەر لێك بڕان
بفڕەبڕۆ....
ئـەی مەڵی بێ فێڵ ودرۆ
بـفڕە...بـفـڕە...
بـــەرەوشاری تابووت
شاری هـەژار و رەش و ڕووت
شاری سڕ و شاری سووتـــاو
شاری بێسێبەر و هەتـــــاو
شاری خامۆش و تەنیایـــــی
شاری بێکـــــەس و.. گۆران
بـفـڕە...بفـڕە...
بفـــــڕە ... بڵێ

چ .. ویژدانـــیْ
هیْنـــده.. رووته
ئـــــەم یاســـــایه
هەڵـگریْ...
دڕەختەکان..چاو پڕ فرمێسك
دڵ پڕ لەژان،
دەڕوانـــــن
بـۆ لاشـەی بێگیـان !!
بفڕە .. بفڕە .. هۆرەی بایـە
گریانێکە، وا لەناخی سروشتدایە...
بفـڕە و بڵـــیْ..
چ .. ویژدانـــیْ
هەروا رووتـــــە
یاسای ئەم خوێنە هەڵدەگریْ
نەفرەت دەکـەن
لە کیمیایی و لە ناپاڵـم
لە دەستی چەپەڵی زاڵم

(ئارایشت*)

بۆ جوانێکی سروشتی

خۆشم ئەوێی...خۆشم ئەوێی

که ئەتبینم هەمووشتێـــکم

خۆش ئـــەوێ

خۆشم ئەوێی، نەک بۆ ئەوەی

دڵ ماچ بکات،دەستی شەوێ

خۆشم ئەوێی

وەک ئەستێرەی گەرووی ئاسمان

خۆشم ئەوێی

وەک بەهاری کوردەواری

خۆشم ئەوێی

بێئارایشت، بێدەستکاری

من ئەزانم هەموو شتێك لە تۆ جوانە

---

* دەقی ئەم شیعرە لەوە سەرچاوەی گرتووە، کە کچێکی هەژار لەبەردەم دووکانەکەی شێخ دەیەوێت لەگەڵ دایکیا شت بکڕێت ، کچەکە گەڵ جوان دەبێت بەڵام رەش و رووت دەبێت تەنیا ملوانکەیەکی موروی لە ملدایە، کچەکە زۆر دڵخۆشی ملوانکەکەی دەبێت و هەر یاری پێدەکات، سەرنجی لێنەدات جار و بار ماچیشی دەکات ، وا لە شێخ دەکات کە هەستی رابکێشێت و کێشی بکاتە ئەو دنیا جوانەی پڕ لە بەرائەتە ، بۆیە بەبێ ئاگای دەبێتە هەوێنی ئەم شیعرە جوانە، ئەو کچەش دەبێتە فریشتەی ونبووی ئەم جیهانە.... ئەم شیعرە لەلایەن هونەرمەند (صەلاح مەجید) دەکرێتە گۆرانی کە بەشێوەیەکی جوان و بەلەرینەوەی هەست تێکەڵی ئاوازێکی خۆشمان دەکات. (ف .سەراج)

هەر هیچ نەبێت وەکو ئێستا هەژارانە
لە پەتێکدا ملێ مورو یان چەند دەنکێ لە زەنگیانە
جاروباری تێکەڵ دەکەیت
لەگەڵ جوانی سنگ‌وگەردن
ئەمهاژێنن
ئەم لاوێنن
رۆحێکی نوێ، ئەدەن بەمن
لە سامالّی سەر سینەتا
وەک ئەستێرە ئەجریوێنن
لە بەهاری رەنگ و رووتا
هەر دەنکێکی
نرخی سەد گەوهەر دەشکێنن!!
هەرچەندە....
کە دێیت و دەڕوانی
دنیام پڕ دەکەی لە جوانی
ناخی شیعرم دەجوڵێنیت
بۆ ساز و سۆزی گۆرانی

١٩٩٥

(سروشت و جوانی)

کۆمەڵێك چیـــای سەر کـەل بـەفراوی
رۆژ بۆ ئاوابوو .. کـەوتبـــووە نـاوی
رۆژی دڵگەرم و چیای ســـــەر تـەزیـو
ماچی یەکیان کرد، ئەم دیواو ئـەودیـو
ئەم بە ئاهی گەرم، ئـەو بە ئـاهی سـارد
دنیای دەروونیان ، بـە یەکـتر ئەسپـارد
لە (کەل) گوێی کێشا عـاشقی بێ خـەو
رووی کردە ئاسمـان بـۆ رۆژی پـڕتـەو
بەو شەوە ئەڵێن شەوی مـانگە شـــــەو
عاشقان روو بـەڕوی، مانگ دەچنە خـەو
گـیانـە پێـم بـڵێ، تـۆ بـە پـەنهانـی
کام دەست،کام پەنجە،کام خەیاڵ توانی؟
وێنـەت بکێـشێت ، ئـاوا بـەجوانـــی
عەجـــایب نـــەقشێ کەگـەردوون ئـازا
شەپۆلی هەستـــــی ، لەئەرزا ... لەرزا
لە چـــەند دەریاییـەك...تا..پرد..ترازا..
مەگەر هەر گەردوون ، لەدەریـــــای نازا
ماندووی خەیاڵ بوو ، تا وێنەت سـازا*

---

* بە سەرهاتی ئەم شیعرە و رووبەڕووبونەوەیەك:-

شێخ خۆی نەم باسەی بۆ گێڕاومەتەوە وتی سالی ١٩٥٤ لە چاپخانەکەی (سەعە کۆل) بەرامبەر خانی (ئەحمەی رەسول) تەنیشت گەرماوی موفتی نزیک (کەشتی نووح) ی مامۆستا نەجم الدینی مەلا لە گەڕەکی صابوونکەران ، کۆمەڵێ رووناکبیر و شاعیر و خەڵکی وەجاغزادەی شار ، دەهاتنە ئەوێ ، لەوانە (پیرەمێرد ، شێخ سەلام ، نەجمەدین مەلا ، نوری شاوێس ، مامۆستا گۆران ، ئەحمەد نەبەرد ، شەوکەتی دانساز ، ئەحمەدی پارە پیس) منیش لاو بووم و دەچووم بەشدار دەبووم لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانیان و گوێم لە باس و خوازەکانیان دەگرت بەتایبەتی بابەتی ڕۆشنبیری و ئەدەبییەکان ، ڕۆژێک مامۆستا گۆران هات و دوای سڵاوکردن وتی (ئاش دەگەڕێ و چەقمنە سەری خۆی دەشکێنێ) ، سەرنجی هەموویانی ڕاکێشا و کەوتنە پرسیار کردنی ئەوەی کە مەبەستی لەو قسەیە چییە ؟؟؟ ئەویش فەرمووی : بەرداشێکە دەسوڕێتەوە لە ئاوا سەری خۆی ئەدات بە بەردەکەدا ، بە بەلاش ، واتە کەسێ خۆی لەهەموو شتێک هەڵدەورتێنێ ، دارێکە لەسەر بەردەکەیە، دیاربوو مەبەستی لەیەکێ بووا! کە بەو توانجە ناگاداری بکاتەوە و ڕابچڵەکێنێ ، پاش کەمێک خۆم لێ نزیک خستەوە و چوومە لایەوە ، ئەویش وەک هەست بە شتێک بکات وتی (چییە ئەنوەر) کارێکت هەیە ؟ من بزانم بە خۆڕایی ئاوا نزیک نەبویتەوە ، منیش وتم مامۆستا ، وەڵاهی نەگەر ڕێگەم بدەی حەزدەکەم دەربارەی شیعری (کۆمەڵێ شاخی بەرز و گەردن گەش، ئاسمانی شینی گرتۆتە باوەش) قسەیەک و سەرنجێکم هەیە ؟ مامۆستا زۆر بە هەند قسەکەمی وەرگرت و سەرنجەکەی قۆستەوە و وتی نادەی ، وتم بە خۆڕای نییە ، بڵێ مەبەستەکەت لەو شیعرە چییە ؟؟ شێخ وتی : منیش بەشەرمەوە وتم مامۆستا دەربارەی شیعری (گەشتی هەورامان) من لە ڕووی کێشەوە نالێم لە ڕووی ناوەڕۆکەوە (دایم دایک و باوک منداڵەکانیان دەگرنە باوەش کۆمەڵە شاخێک ناتوانێت ئاسمان بگرێتە باوەش) بەڵام وەک شتێ حەز بە شتێ بکەین و هەستی پێدەکەین، بەس هەردووکمان شتێکمان درکاندووە تا بتوانین وێنەیەکی جوانی شیعری بسازێنین و نەقشی سروشتی بکەین ، منیش ئەم شیعرەم داناوە ، نازانم پێت جوانە یان نا باوەڕم پێدەکەیت کە شاعیرم و شتێکم وتووە... مامۆستا وتی نادەی ئەنوەر گیان بڵێ وەک زۆری پێخۆش بێت منیش دەستم بە خوێندنەوەی ئەم شیعرە کرد ، ئەو زۆر سەرسام ما پێی وتم بەخۆڕایی نەهاتیتە ، لامەوە تۆ خاوەنی شاکارێکی جوانی بەڕاستی شاعیریت باوەڕبکە ساحیریت!! ←←

* دوو شاعیری گەورە کە دۆستی یەکیش بوون و خۆشم گوێم لە یەکێکیان بووە، بەڵام بە داخەوە خۆم مامۆستا گۆرانم نەدیوە، بەڵام (مامە عەلی کەمال باپیر) هەردووکیان بە شێخ ئەنوەریان وتووە ئەمە ئەك شاعیرە بەڵکو ساحیرە... ئەوەندە پێی سەرسام بوون لە داهێنان و وشە سازی و خۆشەویستی بۆ شیعر و ئەدەب و ئەو دەنگە تایبەتییەی کە شاعیر بویەتی لە وتنی شیعرەکانیدا. (ف.سەراج)

* وەك ئیشارەتم پێدا زۆرجار شێخ ئەنوەر چەند کۆپلەیەکی لەنێوان چەند شیعرێکدا دووبارە کردۆتەوە کەئەمە هیچ خەوشێك ناگرێتە خۆی وەك لەشاکاری گەردوون و چاوەڕوانی و هەندێ شیعری کەدا بەدی دەکەین .. بۆیە ئەگەر کۆپلەی (کام دەست کام پەنجە کام خەیاڵ توانی) ئەمە مانای وایە وەستایەتی شاعیرە کە بەم جۆرە جێگۆڕکێی بەم کۆپلانە یان ئەو بەیتانە دەکات، یان رستەیەك، وشەیەك، کە خۆی فەرهەنگی شاعیر وایە پەیوەندی بە خۆشەویستی شیعر و داهێنانی وشە و وشە سازی هەستی شاعیرەوە هەیە، کەلە نێو فەزای شیعرە جوانەکاندا دەتوانێت بنەما و پتەوی شیعری لەسەر بنیات بنێت، هەر بەو ریتمە ئاوازی تری لێ هەڵبهێنجێنێت و دەنگی شیعرەکە لە تاری هەژانی مێشك و دەروونداجۆش بداتەوە . (ف.سەراج)

(باخێك*)

باخێك بە درك پەرژین كراوە
گوڵی ئەو باخەش وانەڕەخساوە
بەڵام باخەوان با دڵنیابێ
ئەو گوڵە تا سەر دیلی ئەو نابێ
چونكە دوای خەزان، تۆوی گوڵی جوان
هەوای گەردەلوول، ئەیبا بۆ ئاسمان
ناچار باخەوان ، چاو ئەنوقێنێ
نەك (با) گلێنەی چاوی دەربێنێ
تۆویش لە گەردی گەردەلوول دایە
هەر دەنكەی ئەبا بۆ شوێن و لایە

---

* لەم شیعرەدا ، گۆرینێكی هزری بەسەر شێخ نەنوەردا هاتووە، ئەم شیعرە بۆ مەبەستێكی سیاسی لە ساڵەكانی ١٩٦٦ ــ ١٩٦٧ وتراوە . (ف.سەراج)

بۆ
(شۆڕشی ئەیلول *)

ئاگری شۆڕش بڵێسەی سەند لە سایەی بارزانـــــەوە
تەپڵی شۆڕش .. دێتە گوێم بە دەبدەی بابانـــــــەوە
مەرد .. دەبینم ..کورد ..دەبینم ..دێتە ناو مەیدانەوە
خوێنی خۆی تێدا ئەڕێژێ ، بەوپەڕی ئیمانـــــــەوە
قەومی کورد قەت نەنوی، لای دوژمنـــــــی عەیارەوە
نیشتمانت دایکتە نەیدەی ، بەدەســـــت ئەغیارەوە
تاقمێکی لات و لوت کەوتۆتە ناو ئەم قەومـــــــەوە
تەفرەقەی کردوون ، وەکو گورگـێ بخەیتە ناو رانەوە
حەیفە نامەرد بێتە ریزی سەفگەلی مەردانـــــــــەوە
جاشەکان خۆیـــــان دەزانن ، تا چ حاڵـــێ روو رەشن
غەیری نامەردی بە دواوە ، خۆ لـــــە مروەت بێبەشن
خودی (حوکمەت) باش دەزانێ، هیچـــــی پێناکرێ
ناچارە بۆ مەســـــــەل چەند زۆڵە کوردێ راگرێ.....
کوردسەپانی دایکی کەسنین،باسی کوردستان دەکەن
پەیڕەوی حیزبی تەعالا و شاهی شەمزینان دەکـــەن
زۆڵە کورد دیسانەوە ، کەوتوونەتە خول بۆ ئافەریـــن
وا خەریکی پەند و باون ، ماڵی کورد وێران دەکـــەن

---

* کۆتایی نەم شیعرە دەنگی (قانیعی شاعیر)ی تیا دەبینرێت.

با ... سەرۆکی ... زانیـــــاری ... تێبگا کوردی دلێر
ئیدعای ئەو خەتە ، تا حەدی سەر لوتسـتان دەکەن
هێڵەکانی کۆچەری و دێهاتەکانـــــــــی شاخ و کێو
سەربەخۆ داوای جزیرە و مەنتیقـــــەی بۆتان دەکەن
بێنە سەر باسی راستـــــی کوردی کوردستان هەموو
هەر خەریکی سەنگەرن، چاوەڕێـــــی فەرمان دەکەن.

(کەمال *)

بـــەهـــۆی خـــــۆکوشتنی (کەمال حسێن)
کـــــە هـاوڕێیەکی خۆشەویستی شاعیربووە
لە ساڵی ١٩٩٢ ئەم شینەی بۆ گێڕاوە....

کـــەمال:- ئـــەی نیشانـــەی خەبـــات
ئەی شاکاری زانـــیـــاری و فـــــــەن
بۆ کـــوێـــت سپارد هـــــەناسە و دەنگ
بـــەکام:- دەزگای ستـــەمـــکـــــــاری
بـــڕوای بـــــــــــەرزی کـــوردەواری
کە ئەتـــــسەلـماند .. لـــەو دوورەوە
بـــــە هەستـــــــــــی بێســـنـــورەوە
دیم منالێـکت گـرت ماچـــــت کرد

---

* کەمال کوڕی کاك حسێن ، برای هونەرمەند (میدیا حسێن)ە ئەم مرۆڤە کەسێکی بەهرە دار بوو، لە داهێنانی هزری و زانست و زانیاری، بەتایبەتی کاری کارەبایی ، زۆر شتی سەیری لە مێشکدا بوو ، دەیویست بە نامانجی بگەیەنێت میللەت سودی لێوەربگرێت، بەڵام بە داخەوە وەکو مامۆستا گۆران فەرمویەتی (وەکو عەکسی قەمەر وایە، لە نێو حەوزێکی لیخندا) کەمال فەرمانبەر بوو، لە زانکۆی سلێمانی، زۆر خۆشەویستی شێخ ئەنوەر بووە، لە ساڵی ١٩٩٢ پەنای بۆ خۆکوشتن برد و شێخیش ئەم هۆنراوە بەرزەی بۆ داناوە، کە بە یەکێ لە هۆنراوە جوانەکانی دەژمێردرێت، لە ناوێنەی ئەم شیعرەدا گیان و ڕۆحی کەمال و هەستی کەمال لەم شیعرەدا بە زیندووی دەمێنێتەوە. (ف.سەڕاج)

کەپێت دەوت ، وردیلەکەم نەبا بمرین
سبــەیــنێ تــۆف و سەرمایـــــــە
بەرۆکی کام پەنا ئـــەگـــــــــــرێ
دە شـیـعـرێکـــم، داگیرسێنـــــــــە
لێـــی بپرسە...؟
کەمـــال بۆ مرد..
بـــار و بـــارگـــــەی پێـچـایـــــەوە
بـــۆ کـــام ... هـــەوار گـــوێزایـــــەوە
لەگەڵ خۆیا .. ئێمـــــــــــەی نـەبرد
-ئەو پێت ئەڵێـت
ئەو سەرمایـــەی لە سەرمایە
ئای کەخەمـــــی لەبەر کردم
ئەو ئاگرەی پەنـــــام بۆ برد
لەو خراپتری پێـــــــــکردم
ئەوەی کردم لە هەڵوێستـــا
لەسەر دەستی تەمەن کردم
لە رێبازا ترس و هیـــــــوا
زۆریـــان مـــــردن
دەستی گەرمیان
لـــە مل...کردم..

(خەندەی جوانی)

تۆ پێـــــکەنینی ئێوارانـی
کام تیشکی خۆرت لاجوانە
کە پەرش دەبێـت
بە ئاسمانی
مـــەمـــلەکـــەتی عاشقانە
تۆ هەناسـەی یەکەم ژوانگە
کـــام روبـار تینـــوێتـــی
دەشکێنـێ
باشە ئەگەر عەشق نەبێـت
هەناسە چۆن جێدەمێنـێ!؟
کە تۆ جوانتر لێم بڕوانـی
زیاتر بۆت ڕوون دەبێتەوە
کە هەورە بروسکەی ژینم
لە ئاسمان دەبریسکێتەوە

(ئیعلان...)

بـــەیـانی کەر، بـــەیانـــی کـــرد
کـه بـــارچـــی بـــەهارێتـــــــی
لەگـــوێیا حـــەرفی حەوت قـــــی
نیشانەی ســـــەر شیـــعارێتـــی
کەر زەڕی کاتـــــی لاکـــایـــه
لەسەر چی هەر لەسەر کایـــــه!؟
ئەوەی هەستێ، بەموشەی خۆی
له لای من کاکه ، چاك وایـــه...!!
ئەوەی هەڵسا، بەموشـــەی خۆی
بەگی هەر له خەیاڵێتـی
قـــــــڕەش لـــــەولاوه دۆڕاوه
پەژارەو نـــاڵـــه نالێتـــی
کاتێ بەهار هات، کەر کەوته جووته
نەیزانی بەهار ، مایەی نابووتـــــــه
وایزانـــــی دنیا که (گان) خانەیه
فەرقـــــی نێر و مێ هەر بەهانەیه

بۆ

(مارف ناسراو)

ناسراو.. ناسراوی...گیانت ناسرەوێ
سەیرانگای سەیرت ، سەیرانی ئەوێ
بەهاری تەمەن، پشکوت لە گولآن
(دیوان) رەنگینە ، بۆ جێی بولبولان
پێنوسی شکاو ، با لە گەردابێ
گوێ مەدە ، ئەوەی رۆژ لە شەودا بێ
مەڵێ من کوێرم، حەقم گۆچانە
هۆنراوەت تیشکی سەر رووی زیندانە
(دیوانت) کەشتی سەر دەریای خەمە
پڕ لە گولآڵەی سووری گوێی چەمە
هەتا دوا خولی، گەڕانی زەمان
ئەبێ بە چرای رووناکی ژیان

١٩٦٧

وەلأمێك

بۆ (شێخ ئەنوەر*)ی برام:-

برای ئازیز خۆشەویستم
بەکام وشەی جوانی هەستم
بچڕپێنم بە گوێی دڵتا
بڵێم تا مردن لەگەڵتا
راستی و ویستن ئەنێمە سەر
جیابوونەوەم نیە مەگەر
تەمەن لە ژینم زوێر بێت
ئەگین تا دڵ لاو پیربێت
دڵسۆزیم بۆتۆ نێچیربێت
ئەو کاتە ناسراو ئەسرەوێت

١٩٦٧ سلێمانی

---

* دیوانی سەرچنار کە شێخ ئەنوەر بە چاپی گەیاندوە ، مارف دەڵێ : سەرەتای وتنم بوو کۆمەڵێ شیعرم دایە ، ئەویش بەم شیعرە وەلأمی دایەوە.

شیعرێکی

تـەنـــز ئامێز

کـاتێ سـواری
فڕۆکـەی بـــیرم بـووم
چوومـە ناو نـــاخـی
ئـاسـمـانـــــەوە...
لەوێوە، داشـە هـارەی
حـــــەزەکـــانـــم...
نـــەیـــان ئـــەمـیاوان
بۆیە لـــەسـەر سـنگـی
سمۆرەی ئاوێنەکـــەوە
خۆم تـوڕدایـە خوارەوە
کـاتـێ خـۆم دیـــیـەوە
لە پـزوویـــــی دەرپـێی
مێرووڵەیەکا بـــــووم
هەر بەورازە لەترسانا
نۆ فەردە خۆڵیان کـرد
بـە نـزگـــەرە...
ئاو بێنە ودەست بشۆ

(هاوڕێ*)

لەپێش پایز و زەردەی خەزانـــا
بەر لە وەرینـــی خونچەی گولاّنا
هەڵوەری خونچەی ئاوات و ژینم
بەهەدەر رۆیی گیانـــی شیرینم
هاوڕێ تۆ بۆچی وەفات نەزانـــی
منت نایە گۆڕ بەنەوجەوانـــــی
مافی هاوڕێیت بۆ لا هەرزان بوو
پاداشتـــی چاکە گوللە باران بوو

* نـەم هۆنراوەیـە لەسـەر داوای باوکێـک نووسـراوە ، کـە کوڕەکـەی بەدەسـتی هاوڕێیەکی نزیک و دراوسێی کوژرا لە سالّی ١٩٦٨ لە شاری سلێمانی.

دوو هۆنراوەی

تەواو نەکراو یان نادیار

یەکەم/ بۆ دەسەلاّتداران

ئەم هۆنراوەیە، یەکێکە لە هۆنراوە درێژەکانی شێخ ئەنوەر کە بە دوای شەڕی نەگریسی خۆکوژیدا داینـاو وە لـە زۆر کـۆڕو کۆمەڵدا دەیخوێندەوە بۆ هەڵڕشتنی داخی دڵی خۆی ، لەو بارە نالەبارە و خوێنڕشتنی، رۆڵەکانی گەلەکەماندا ، لە دوای راپەڕین و کـۆڕەو...کیمیـاوی و ئەنفالـەوە...کەوتنـە گیـانی یـەکتری کـە ئەوەش بووە هـۆی برسێتی و خوێن رشتن و کۆچ سەر ئەنجام کارەسـاتی ترسـناکی لێکەوتـەوە ، شـێخ ئـەنوەر وەکـو شـاعیرێك وەکـو کەسـێکی نەتـەوەیی دڵ سـووتاو و نـاخ بـرژاو ، دژی ئـەو سەردەمە تاڵە راوەستاوە و بـە رووی ئەو بەرپرسانەی کـەوا گەمـە بـە خـوێنی لاوەکـان دەکـەن و وولاّت دەکەنـە قەبرسـتان خۆشـیان لەسەر میزی خواردنەوە و رابواردن و سامان کۆکردنـەوە خـەریکن ، شـێخ هەمیـشە هەڵوێـستی دیـار و بوێرانـەی لـە نێـو جەرگـەی کارەسـاتەکاندا هـەر دەم دەنـگ و رەنگـی بـوونی هـەبووە ، هـەر ئەمـەش وای لـە شـێخ کـردووە دەسـت بخاتـە سـەر زامـەکان و دەستیشیان بۆ رابکێشێت کە ئەمانە پیاوی بێگانـە و سیخوڕی وولاّتـانن و هەرچـی مـاف و دڵـسۆزی و خۆشەویـستی خـاك و نەتـەوە هەیـە بەلایانـەوە پەشمـە و گاڵتەیـە ، تـەنیا راز و مـەرامی خۆیـان نـەبێت ، دەزانین ئـەو تاوانـە بەرامبـەر گیـانی شـەهیدان و

بنەماڵەی قوربانیان و سەرجەم گەلە ستەم دیدەکەمان دەکرێت ، بۆیە هەرچەندە هەوڵم دا تەواوی ئەم شیعرەم دەست بکەوێتەوە و چەند کەسێکم گرت و پێم وتن بەڵام بەداخەوە نکۆڵییان لە بوونی ئەم شیعرە کرد کە لەلایان هەبێت بەڵام تەنها ئەم چەند کۆپلەیەم چنگ کەوتەوە بە هیوای لە دوا رۆژێکی نزیکدا دەستمان بکەوێتەوە تا لە چاپی دووهەمدا ، گشتی بڵاو بکەینەوە، ئەو کەسەی ئەم هۆنراوەیەی لە لایە پێویستە بیپارێزێت و دەبێ بەرپرس بێ لە ون بوون لە لەناو چون وەك کەسێکی رۆشنبیر و پارێزەری کەلتور ..!!

بۆ دەسەلاّتداران

- دە بای پیادەن
  سەمابکەن
  هەر وەك ئێستا
  بخۆنەوە...
  هەرچی سامانی ئێمە بوو
  ناتان بەرقی کۆنەوە
- ئەی سیخورە بیانییەکان
  جانتاکانتان هەڵگرن و
  بۆ هەندەران بڕۆنەوە
  ئێوەی نەزان!!!!
  هەر لەپشتاو پێشمانەوە
  چاوی کوێرتان

نایه قولـــــی مشتمانەوە
سەما بکـــەن
بـای پیادەن
بخۆنـــــەوە
قەڕاڵـــەکان
کێ پێیوتـن
دەست بخەنە ئەم خوێنەوە
جـانتـاکانتـان هـەڵگـرن
بۆ هـــەنـدەران بـڕۆنـەوە
جەلادەکـان
هەرچی سامانـــی ئێمـە بوو
ناتان بەڕقـــــــــی کۆنـەوە

دووەم / جینۆسایدی کورد

ئەم هۆنراوەیە لە ٦/٩/ ١٩٦٣ کە (٩ی حوزەیران) کەبە رۆژی قەدەغەکردنی هاتوو چۆ (منع التجول) لە (کوردستان) و بەتایبەتی شاری سلێمانی، لە ژێر فەرماندەی (زەعیم صدیق) ی شۆڤێنی بەرپابوو، هەر لەو رۆژەدا دەست کرا بەگرتن و کوشتن و راونان، لە ناو مالْ و زیندە بەچالْ کردنی هاولاتیان و شەهید کردنیان، لێشاوی گرتن هەموو بەندیخانەکانی پڕ کرد لەگەلْ (ئەستەبلّەکەی حامیە) کە ئێستا بۆتە (پارکی ئازادی) ئەو رۆژە بۆتە رۆژێکی رەش لە مێژووی نەتەوەیمان بەدەست عەقلّیەتی شۆڤێنی و لیوای ٢٠ی سوپای عێراق، کە دڕندانە کەوتبوونە وێزەی ئەم شارە..بۆیە شاعیر لە زمانی کاك مارف ناسراوەوە کە بۆی نوسیم هەمان هەلْوێستی نەتەوەیی دەردەخات ، مارف دەلّێت : بە دوای کارەساتی ٩ی حوزەیرانەوە لە چایخانەکەی مام عەلی نزیك سینەما رەشید و بەریدەکە شێخ ئەنوەر هات بەلاّم زۆر غەمبار و دلْ پڕ لەقین و حەسرەت بوو وتی (مارف) کەس لەگەلْ ئەم گەلەی ئێمە نییە ، ئێمە لەهەموو مافێك بێبەشین، ئاگات لێیە چیمان لێدەکەن، ئەوەبوو ووتی بەداخەوە من ئەم شیعرەم داناوە ئەوەتا دەولّەتانی مرۆڤ دۆست و سۆشیالیستی پشتگیری لە بەعسی فاشست دەکەن، لە باتی ئاشتی بۆ ئەم میللەتە هەژارە دابین بکەن، کەچی ئەسلّەحە و تەقەمەنیان داوە بە بەعس و تۆپی خەمسە .. خەمسە و شەستتیر و دەبابە و فڕۆکەی میك و

سوخۆی، باشە ئەمەیە پاراستنی مافی مرۆڤ و گەلانی زۆر لێکراو، وتی ها بگرە ئەوە شیعرەکەمە بڵاوی بکەرەوە، بە داخەوە مارف دەڵێت من تەنیا ئەو دوو کۆپلەیەم لەیاد ماوە جا هەر کەسێ ئەو هۆنراوەیەی لەلایە بە تەواوی با بۆمان بنێرێت، لەگەڵ سوپاسێکی بێ کۆتاییدا. (ف.سەڕاج)

جینۆسایدی کورد

ئەڵێن بۆ سیلمە ئەسلەحەی رووسی
چۆن دای بە عەرەب بۆ بێنامووسی
سەرجادە و کۆڵان، کوێی زۆر پەنایە
ئەڵێی مەعرەزی چەکی رووسیایە
بۆ زانای جیهان، دیسان شوورەیی
پێش چوونی مەریخ، بڕوانە زەوی
شەڕی کورد قڕان، تا کەی رەوایە !؟
بە ناپاڵم و چەکی نەوەوی...

بۆ مەرگی
خاتوو مەرزییە

هەناسەکانم کاتـــــــــی گیان هەڵدان
گفتوگۆیان بوو لەگەڵ کوردستـــــــان
ئەموت تەرمـــــــەکەم بەرن بۆ دیاری
بـــــــــــۆ ولأتەکەم ناو کوردەواری
با شوێن ئارامگام، گردی سەیوان بێ
چاوم لە شاری پیرۆز و جوان بـــــــێ

سرودێك

(ئێمەی منالاّن، نەوەی کوردین)

ئەم سروودە شێخ لەگەڵ شاعیری لاو جێگر هێرش داینناوە ئێمەش بە (ج ـــ ش) دێرەکان دیاری دەکەین.

ج ـ منداڵی ئەمڕۆ نەوەی دوارۆژین

ش ـ بۆ تاریکستان هەر وەکو رۆژین

ج ـ ئیشکەر و دڵپاك گشت تێئەکۆشین

ش ـ بۆ نیشتمانمان زۆر بە پەرۆشین

ج ـ ئێمە (ئاریاین) بەری داریێکین

ش ـ ئێمە کە (کوردین) لە دەماریێکین

ج ـ خەمخۆری ولاّت پێشمەرگەی نەبەردین

ش ـ بۆ گەل و ولاّت بەدەست و بردین

ج ـ ئازا و زیرەك و نەبەز و وردین

ش ـ نەوەی بێچوە شێر منداڵی کوردین

(چوارینەکان)

خوێنەری ئازیز:-

ئەم چوارینانە هەریەک بە بابەتێکەوە گرێدراوە...چ مێژوویی نەتەوەیی، یاد، کۆمەلایەتی، سیاسی، جەژنەکان، فەلسەفە، جوانی یان جوانی سروشت، هاوڕێیەتی، خۆشەویستی، دڵداری ، جوانەمەرگی، شەهید، بۆیە پێویست ناکات هیچیان لەسەر بڵێین، چونکە هۆنراوەکان هیچیان فۆرم و ناوەرۆکیان شاراوە نین و روونناک و گەش و دیارن...

١- لای من گوڵاڵە بۆیە پیرۆزە
دروشمی یادی جەژنی نەورۆزە
چونکە ناوجەرگی رەش و سووتاوە
تیا بەدی دەکرێت دەروونی کاوە*

٢- ئاگری نەورۆز کنە ئەکرێتەوە
بڵێسەی ئۆخەی بەرز ئەبێتەوە
لە هەموو کێو و بەرز و نشێوێ
گوڵ ئامادەیە بگەشێتەوە
بەڵام بڵێسەی دەروونی کاوە
ساڵ بەدوای ساڵ گڕ ئەگرێتەوە

١٩٧٥

* ئەم چوارینەیە هونەرمەند خالید زامدار لە ساڵی ١٩٦٨ لەگەڵ وێنەیەک کردی بە کارتی جەژنی نەورۆز .

٣- دایە چاوی لێڵو وێڵی خۆت بۆ گەردوون هەڵبڕە
قوڕ بەسەرداکە سەراپا بەرگی شادی دادڕە
داڕێژە فرمێسکی ماتەم، تازە دڵ چۆن ئەسرەوێ
روو گوزەرگای باری یەزدان هەر بڵێ تۆڵەم دەوێ

٤- جوانێ : کەهات لەگەڵ خۆیدا بزەشی هانی
منیش دام لە رووبدا ، کەوتمە کەیف و گۆرانی
بەجارێ تیشکی ئاورینگی ، چاوی بولبولی هەڵهانی
زیندە چالاکیش بەجارێ ، رەنگ و بۆی سروشتی هانی

٥- ئەگەر داخت بکات ئاگر
بزانە سووکی سەرمایـــــــە
ئەوەی سووتاوە سوتـــــاوە
ئـەوەی مــاوە لـە شەرمایـە

٦- نەکەی تێکەوی بکەی قسەی هەق
لـــــە پـڕ نـەفـامێ ئەتداتە بەر شەق
کـــەر و کـورتان و گـوریس تـەواوە
ئیتر چیئەکەی تۆ بە لـەقـە لـــــەق

٧- لەم غوربەتە مردوویەکی گۆڕکراوم
بێـزمان و کـــــەڕ و کـاس و دامــاوم

٨- مرۆڤ له ژینا به هیـــــوا ئەژی
هەر دێت و دەچێت بەو هیـــوایەوە
گوڵی هیوای مـــن ئەمڕۆ هەڵوەری
لە کۆشـــــی غەما .. سەری نایەوە

٩- سێ دەردم گرتووە، هەرسێکی خەتـــەرە
فقدان زاکیرە، زوعفی زەکەر و قوصری نەزەرە

١٠- هەرکەسێك لەشێخی بپرسایە چۆنی !؟
ئەویش بۆ ســوعبـــەت دەیوت
عومری نوح و سەبری ئەیوب و
ئەموالـــــی قارونم هەیە ...!!

١١- وەرزش بکە هەتا لاوی
تـــا بێهێزی لـێـیـنـــەداوی
لـــەشێـکـی پـــۆلاێـین و جـوان
ببێتە بـــــەرهـــــەم بۆ ژیان

١٢- کورد لە زوڵمووزۆر خـەوی زڕاوە
زەڕەو هایدرۆجین نـایباتـــــە دواوە
لاپەڕەی مێژووی بەخوێن دەنووسێ
ئەبـــەد نابەزێ نەتـــــــەوەی کـاوە

١٣- ساقی سایەقـەی چاوم تـەمی کرد
تەمەن روو خەزان ، ورد ورد کەمـــی کرد
پیـری بـازاڕە ... گیـــان هەڕاج دەکات
مـەرگ کـڕیـــارە، هـاکـا زەمـــی کرد*..

* لەســـەر گـــــۆڕەکەی نـــووسراوە:

١٤- لکەی بێ شەرمی ناسرێتەوە
دنیاش داگیرکەی هەروا پێتەوە
زەنگی بەد ناویت کە زڕا زڕا
روو بە رووی ناخت هەر دەیڵێتەوە

١٥- بەکاری ڕێکەوت هەرگیز مەنازە
مەڵێ پۆشیومە، بەرگێکی تازە
ئەوەی کە فڕی بۆ ئەرز هاتەوە
بە خاکی ژێرپێ جواب ئەداتەوە

١٦- ئەو فرمێسکانەی رشتتان بۆ شینم
بوونە مەرهەمی زام و بڕینم

١٧- کۆتایی ژیان تەنیا مردنــە
لاشەی بێگیانمان بۆ گڵ بردنـــە
ئەوەی لە پاش تۆ بەجێ دەمێنێ
هاوڕێ بــەتەنیــا چــاکــە کردنــە

١٨- چ شــەیمــایەك هێندەی تۆ
شنــەی جــوانی لـــەڕوو دایــە
ســـەری خـــۆزگـــەم نەقەبڵێنم
بێستونـــی عــەشــقم دانـــایــە

١٩- هــات و ڕۆییم جێم نەبوو،
خــاڵـــێ بــەلـێوی گــەرمــەوە
جـــێ گــوڵـــی مــاچـــێ بچێنم،
ئـــەم دڵـــەی بـــۆ بــەرمـــەوە

٢٠- چاوەکەم سەرچەشمە ی نێو چاوەکانم ئاو دەکات
خۆت تەبیبی لـــێی دەزانـــی، ئەم دڵە بۆ چ وادەکات

٢١- پەچە پۆشەکە بەهاری ڕووت،
لـــەدوای مـــەجنونەکەت لـــەیلێ
بەجێ مـــاچـــی نەکەی ڕوومـــەت،
ئـــەگـــەر لـــەیلێکی پـــڕ مـــەیلی

٢٢- تانك و تۆپ وتەیارە
دەرمان ناکات لەم شـــارە
هەرچی لە شار بار ئـــەکا
ترسنۆکە و....ڕائـــەکـــا*

* بۆ ڕاپەڕین و کۆڕەو ١٩٩١

٢٣- به چاوی لێڵ و وێڵەوە
وەرە سەر گۆڕەکەم بگری
مەڵێ رۆی و لەدەستم چوو
گوناهە مەیلی من بێری

٢٤- دڵدارەکەم .. نازدارەکەم
پێمەبڕە لە مەزارەکەم
هەتا رۆژی حەشر دادێ !؟
من هەردەم ئینتیزارەکەم

٢٥- گەر نەزان رێگەی ڕاستی لێ وون بوو
خوا دانا بگرێ
کە دانا ڕێگەی ڕاستی لێ وون بوو
کێ دەستی بگرێ*

* لەگۆڤاری تریفەدا لەساڵی ١٩٧٨بڵاوکراوەتەوە.

٢٦- بۆ چەند هەناسە دنیا وێنەیە
بـا بـەم وێنەیـە بگریـن وێنەیـە
چونکە لاو و پیر گیای درووێنـەیـە
با یـادگـار بێـت لات ئـەم وێنـەیە

٢٧- جوانی ناو چیا پەروەردەی شەمالْ
بـەفـراو خـوڕاوی کانیـاو و قـەدپالْ
گـوێی پـڕ ئاوازیْ ورشەی گـەلاّی دار
پـا لـە سـەر فەرشی سەوزە گیای نزار

٢٨- ژیان گەرچی لەبن چیـنا
بەهەشت و جوانیە و...نا...نا
دەبێت تێگەیْنی هەموو ساتیْ
کـە پێویستـی بـە گـوڕانـە

۲۹- ئەگەر باشت کرد با نەکەی باشە
کـاری بـاشی تـۆ، دیارە بـۆ بـاشە
تۆ بە (باو) باشی، زۆر سەرت بـڕی
ئـــەو مەلـت پێکـا و ئـەم مـەلت بڕی

۳۰- یا ڕەسول الله فیداتم من به جەستە و جانـــەوە
وەك سەگی خوێڕی ، شەو و ڕۆژ وام بە بەردەرگاتەوە
غەفڵەتم نـەبووە سەعـاتێ مـن لـە عصیان و هەجـو
چۆن لە ڕووم دێ بێمـە دەرگەت بەم هەموو عصیانەوە

۳۱- هەوری چڵکن چیە کـەوا
دۆستی لەگەڵ ڕەشی شـــەوا
گرم و هوڕی ناهـــەمـــواریت
حـەشـار ئـەدەی لەپاڵ ئـەوا*

* بۆیەکگرتنی بەعسی عێراقی و سوری وتوێەتی.

٣٢- شیعرەکانم وەک دومبەلّە
بۆخاوەن شانسێ دەر ئەچێ
ساروخێکە کە دەزگاکەی خۆی بەجێهێشت
کەس نازانێ بۆ کوێ ئەچێ.

شیعرە داشۆرینەکان

خوێنەواری دڵسۆز:-

شیعری داشۆرین، دەقێکە زیاتر رەخنە ئامێزە و زۆر جاریش ەچێتە خانەی پلار و رەخنەو گاڵتەپێکردنەوە، کەلە وێنەیەکی تەنز و پیاهەڵدانا لە دایك دەبێت، شێخ ئەنوەر کە ئەم دەقانەی داناوە بڕوا بکەن هیچ مەبەستێکی لە پشتەوە نەبووە کە بە تازانجی خۆی بگەڕێتەوە، بەڵکو زیاتر چاوی رەخنەگرانەی خستۆتە سەر هەندێ دیاردە، کە لاوان بەبێ ئاگای و نا هوشیارییەوە خۆیان پێوە خەریك کردووە، کە ئەوە لە ئەرکی سەرشانی خۆیان دووریان دەخاتەوە و لە سیما و نەریتی کۆمەڵایەتی دوور دەکەونەوە، بۆیە ئەویش وەکو چەند شاعیرێکی کە هەستیان بەم بابەتە دەربڕیوە، من کە داوام لێکرد ئەو دەقانە نوسێتەوە ئەو وتی: هەتیو زۆڵ..تۆ چ کارێکت بەم شیعرانە هەیە ڵاوی دەکەیتەوە ئەنجا بۆ (حەیام) نابەیت، منیش وتم: نە شێخ ەزا حەیای چووە نە قادر برسی..نە...ئەم و ئەو، ئەو بابەتانەش وێنەری خۆی هەیە، خۆتۆ بۆ هیچ مەبەستێکی دژوار نەت ووە تەنیا چەند دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ئەم سەردەمەن و یعری قۆناغێکی تایبەتین و تام و چێژی تایبەتی خۆی هەیە، ر لەم شیعرانەی تۆ خەڵکی بەتایبەت لاوەکان تێدەگەن کە چۆن ەای کردنەوە گەنجایەتی بەچ قۆناغێکدا تێپەڕیون و تێدەپەڕن ،

ئیتر بۆچی بەخۆڕا بفەوتێن، خۆ ئەگەر کەس تۆ نەناسێت خۆ من باشت دەناسم...ئیتر ملم پێداو لە دووکانەکەی خۆم لەسەر قایمەی دووکان بەفرسەتم زانی نووسیمەوە وونم دوای نەقڵیان دەکەم، تا پەشیمان نەبۆتەوە و لە فەوتاندن رزگارم کردن، بۆیە بەچاکم زانی خوێنەران و رووناکبیران و رۆشنبیران هیچ وێنەی خراپ و دید و بۆچونێکی دژوار نیگا نەخەنە سەر رۆحی پاکی شێخ ئەنوەر، چونکە باوەڕ بکەن هەمووی بۆ ووریا کردنەوەی لاوان داینـاون تـا زیـاتر ووریـا و هووشـیار ببنـەوە لـە ئەرکـە نیـشتمانییەکانیاندا، خـەریك بـن نـەك تاسـە و لووسـی و چـاولێکەری و لاسـای کردنـەوەدا زیـاتر پابەنـد بـە کـەلتوری قەشەنگ و عەقڵی مەعریفییەوە بن....من ئەمانە هەمووی بە زەنگی ووریا کردنەوە دادەنێم بۆیە ئاواش یەخەیان پێدەگرێت .

(ف..سەراج)

(گازەندە)

مەکتەبی چی!؟ وعیلمی چی!؟ هەر خوڵوس کردنە پیشەتان پـەرچـەمتان لـولـە وەکـو کـچ، بێسمیـڵ و بـێ نیشـان عـەتـر و ئارایشت و بـۆدرە ، ئـەمـرۆ بۆتـە پیشـەی کـوڕ باوی کوڕ پۆیـی بـەجـارێ بـوو بـە بـاوی سمتـی خـڕ نـازو نـوزی تـازە کـوڕ ، کـێـڕ ، دەپـڕمـێنـێ لـەپـڕ مـێینە چـیبکات لـەمـەودوا ، مـەگەر سـەر بنێتە قوڕ ئـای و ئـۆیو، ئـاخ و ئـۆف و ناش لێدانـی سمت و ڕان بەرخـی نێر بۆ سەربڕین بوو ، ئێستاش ئـامـادەن بۆ دان کوڕ گەلـی ئـایـلۆنی ئـەمڕۆ ، ریش سپیش دێنێتە تـاو نەختـە، نەختـە بـۆی دەجـوڵێن لاشعوری ناو بـە ناو

(کاوبۆ لەپێ)

ئەی کوڕەکە، کاوبۆ دەکەی، دەرپێی حەوتی لەپێ دەکەی
سمتی خڕت لەبیر نەکەی، تەسکی ببڕە خۆت پیر نەکەی
A.B.C.D لەو حەرفانە، کامیان بۆسەر سنگت جوانە
بیکە ملت وەک گەردانە، شایستەی کوڕی ئاسمانە
بای، بای، ئۆکەی، ئایەم سۆری
هەر لە خۆت دێ ، ڕوو نەگۆڕی
قژ دابێنە ، تا سەرشانت ، هەزار کچ بێت بەقوربانت
کاتی تویست ژەردە خەنە ، ئای و ئۆی توخوا دایکەنە
ئەو پانتۆڵە توندو تۆڵە ، پڕ لەسمتی نەرم و نۆڵە
بابیخەینە ناو ئەو دۆڵە ، مەگری بنو توخوا ڕۆڵە

(کاریکاتێری بەسەر دەرووێشە)

بەسەر دەرووێشە، بەپیش سۆفییــە
بە مل گەورە کچ بە قینگ غەریبیــە
ووتم برا گیان، مۆدیل کەی وایــە
ئەم ریشە ریشی سەڵتە و کەوایــە
کەی بۆ تەهلیلە و زیکری خوایــە
وتی یاشێخ گیان ئەم پیشە جوانە
تەنیا بۆ فڵچەی (قوزی) ژنانـــــــە

(حەز)

کامێرای هەستـــــــم
ڕێـــــی کێڕی بەستم
کەسم دەست نەکەوت
نامەناو دەستـــــــــم
من بـــــــــە خەیاڵی
شاگوڵـــــــێ مەستم
ئەویش بـــە دەستپەڕ
سازبـــــوو مەبەستم
*** ***

دەمێکە وام بەدوای
تەنوری دواتـــــەوە
هەرکەس هەڵدەسێ
لەفەم..لێدەباتـــەوە.

(روو...)

رووی خۆت، ئەبینـــی،
سێ دەستـــەونـــەزەر
چـــل بـــەدواتـــەوە....
شەیتان سەبووری (حیز) دەداتەوە
ئەگەر باشت کرد ، (با) نەکەی باشە
کاری باشی تۆ دیارە بـــــــۆ باشە
تۆ بـــــــە باوەشی زۆر سەرت بڕی
ئـــــــــەم ملت پێکا، ئەو ملت فڕی

(لێو پەمەیی)

ئـــــــەی کوڕەکەی ، لێو پەمەیی
جوانی جوانانەت ئـــــــــــــەوێ
دەرپێکەی نـــــــــــاوگەڵت سورە
هـــــــــەر وەکو کچ ،عوزر ئەشوێ
کوڕ گەلی ئەمڕۆ ئەبـــــــێ وەهابێ
دەستی بـــــە پاش و پێشا هێنابێ
کوڕگەلی ئەمڕۆ ئەوەندە جوانـــــــن
هـــــــەر ئەڵێی لەیلی ئاخر زەمانن
کوڕ گەلی ئەمڕۆ کردیان بـــــە کارێ
بازاڕی کچیان شکاند بـــــەجارێ
هـــــــەر یەك بۆ یەکێ بونەتە یارێ
ئەم دەورە خۆشە رەحمەت دەبارێ

(کوز کوڕان)

کـــوز کوڕانـــی پـــڕچ بـــەسەر
خۆشـــن بـــەنـــازو نـــوزەوە
گـــا بـــەماچ و مـــوچی یـەکتر
گا بـــە پـــەنـــجـــەی بـــووزەوە
خـــۆشـــەویستـــی یـــەکـــترن
بـــۆیـــەکـــتری وەك نیـــرو مێ
خـــاڵـــە قـــازی چـــی ئـــەزانێ
لـــەحـــسابـــی ئـــەلف و بـــێ.

پاشکۆیەک

خوێنەران و ڕۆشنبیرانی خۆشەویست:

لە یادو کۆچی لە ناکاوی شاعیر شێخ ئەنوەردا کۆمەڵێک لە نووسەرو شاعیر، قەڵەم و هەست و سۆزی غەمباریان لە نێوان چەند پەیڤێک و ملوانکە شیعریدا ناخی دەروونیان هەژاند و بەشداریان کرد، لە بەسەرکردنەوەی ڕۆحی ئەو نەمرەدا فرمێسکی خەم و کۆستی ناکاوی لەرێی ئەمەکو گەورەیی ئەو کەڵە شاعیرە، بۆ قەڵەمێکی بەبەهاو خۆشەویست شاعیری سروشت و جوانی شاعیری وشەی جوان و خاوەن هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە، بۆیە بەچاکم زانی ئەو بەرهەمانە وەک پاشکۆیەک لە دیوانەکەی دا بەچاپیان بگەیەنم و تا زیاتر جوانترو بە هێزتر ئەو هەستانە کۆبکەینەوە کە مەرگی شێخ ئەنوەریان لەباتی فرمێسک و گریان، ئەو هەورەبارانەو وشانەیان بەسەر گیانی دا ڕشت و بوونە چەپکە گوڵی دیوانەکەی کە پڕ لەوشەی ئەمەکداری و وەفایە .. ڕێزگرتنە لە تەمەنی ئەو شاعیرە گەورەیە لەگەڵ سوپاسم بۆ ئەو قەڵەمە جوانانەی کە جولاّن و خەمی خۆیان دەربڕی ئەوا بەندەش بەبێ جودایی هەموویانمان بلاّوکردەوە.-

ف.سەراج

"بۆ مەرگی ناوادەی باوکم"

نوسینی/هوشیار شێخ ئەنوەر

مەسیح ئاسا وەرەو لەگـەڵ خاچی شیعرەکـانـتا
ئەو ئـازارانەی لـەگەڵ خۆت بـەرە
کە لـەمێژە بـا فرەییان دەداتە ئەم شـارەوە
شەوانە لـە کوچە و کۆڵانی شار دە دەرکـەوەو
سۆراخـی جـووتـە پێلاوەکـەت کـە
"گۆگۆڵ"ئاسا یەخەی چەند قەڕاڵ و
کاربەدەستێك بگرەو
لەبری پاڵتۆ هاواری منداڵە سەر لێ شێواوەکەت کـە
خامـەی زویر لە پەنجەتدا

لە گێژاوی باسەکاندا،
بەسەر دێڕی پەڕەی شێواو بهێنەو
بەتاسەوە، مانیفێستی مردووەکانی پێ بنوسە
هێشتا بیرمە کە منداڵ بووم
لە سەردەمی ژێر دەستیا،
لە شارەکەی پڕ مەترسیا
پۆل پۆل خەڵکی وەکوو تەختە و
درەختی وشکی بێ بەهار
دەهاتنە لات بۆ هەواڵی رووداوێکی
دڵ تەزێنی شەوێکی تار
تۆش باوەشی شیعرەکانت دەکردەوەو
لەنێو هەر کۆپلەیەکدا
بە قسە خۆشەکانت سەوزت دەکردنەوەو
بیرۆکەی شۆڕشێکی نوێت لە دڵیانا
دەخستە کار
ئێمەیش یا شێخ، خۆت وتەنی
لە خانەی خەفەتا دەم دەم

پەنا بۆ مەی نەبەین چی بکەین

لە هەموو پێکێکدا ئاهو هەناسەمان

ون نەکەین چـی بکەین

ئیدی یـــــا شێخ،

لەدوای مەرگت پێکی حەسرەت مەنۆشە

ئەوە هەر رەنگی رەشە

کـە خۆی بۆ تۆ رەشپۆشە

ئیدی بـڕۆ مالئاواکە

خۆڵی هەڵەبجەو مەلی نەورەسەکەت بە سەردا کە

ڕۆ لـەگەڵ میراتی ئەنفالا

رینەکان بـە ئێمە بسپێرە

ـاوەکوو گوڵ تیایاندا بڕوێین

ێندە پێیان بەرز بین تـا دەگەینە ئەستێرە

دی یا شێخ،

وای مەرگت پێکی حەسرەت مەنۆشە

ە هەر رەنگی رەشە کە خۆی بۆ تـۆ

پۆشە....

فوئاد محەمەد ئەمین سەراج

هەژانێك

بۆ

مامۆستای هاوڕێم شێخی شاعیرم کاکه شێخ ئەنوەر

لە ئەندێشەی فراوانـا هەرچەند شەوە رۆژی ژینم
لە باغی عەشقی لاوانا کە رووی زویرتان دەبینـم
لە ژێر چەپۆکی تاوانا بەچی تینوێتی بشـکێنـم
شێخ ئەنوەر

ئەدەب دۆستان و رۆشنبیران و برا و هاوڕێی بنەماڵەی شاعیری گەورەم.....

– لـە دەروازەی ژیانـا کـە تیرێـژی رووناکی دێتـە ژوورەوە، چریسکەی ئەو تیشکە مژدە بەخشی لە دایك بوونێکی نوێیـە..لە

جەژنی فراژبوونی هەر مرۆڤێکا ئاوازەکان دەکەونە شنە و مەلەکان دەکەونە چڕین .. دڵدارەکان دەکەونە سەما و گۆرانی، لە بەهاری خۆشەویستیا عەشق ئەڕوێنێ ، لە کانیاوی دلاّ وردە مرواری نێوشیعر لە هەژانا چاوهەڵدەهێنێ ، شیعر پێڕەوکە دەبێت و دەکەوێتە سەرەتاتکە و هەناسەی لەنێو باخی گوڵڕەنگا سروود بۆ ژیان دەچڕێتەوە ، نۆتەکانی .. وشەکانی گوێی ئەویندارانِ دەزرنگێنێتەوە ، ئەوکات و ساتە دەبێتە پەیامی هەمووان ، لەناو بێشکەی ئەم خاکەدا ، لەنێو ئامێزی ئەم شارەدا ، شاری هەڵمەت و قوربانییەدا ، مرۆڤێك ، رۆڵەیەك ، هاتە دنیا لە هاتنیا هەگبەیەکی پڕ لە یاقوت و گەوهەری هێنا .. بەهزری خۆی بە ناخی سۆز هەژاوی ، بە هەڵوێست و بە دەستی خۆی لەسەر خاکی ستەمدیدەی نەتەوەکەی ، نەتەوە داگیر کراوەکەی زەنگیانەی وشەی کردە شیعر و هۆنییەوە ... هەر شیعرێکی کردە چەکی بەرگری سروشت و جوانی.. بۆهەڵایسانی شۆڕش وێنەی بەهرەی راستەقینەی ژیانی ، لەدەرکەوتنا بینیمان ... پەنجەرەکانی دەروونی والاّ کرد ، لە هەر وەرزێ سروشتی هەستی خوڵقاند ، بۆ هەر مەبەستێ هزری خۆی دەجوڵاند ، لەهەر دەربڕینێ وێنەی ئازار و خەمێکی کوردی دەدواند ، لەهەر دەنگێکی نالّە و هاوارێکی راچەنینی دەخوڵقاند ..

– : ببورن زامەکەم سەختە و برینەکەم قوولّە .. چیتر ئەم شاعیرە ..شاعیری دەرونشی راستەقینەی کوردایەتی .. مرۆڤێکی دڵتەڕیِ رۆحی مەردایەتی ، عاشقی هەست پاك و ناسکی وشەی پاراوی کوردی ، تەنکی باڵی پەپوله سروشتی رەنگاورەنگی دوور

لـه ئـازار و ژانـی هاوڕێیـەتی .. جـارێکی کـه .. سـاتێکی کـه .. نـه لـەدەرگای دووکـانم دەداو نەسـەریشم لێئـەدات .. نـه دەرگـای مـاڵم دەکاتـەوه و نـه قسـەی خـۆش و نوکتـەی تـەنز ئامێزم بـۆ دەکـات ، بەڵام ئەوەتانیٚ ... هـەروەکو له لاویما .. هـەروەکوو زوو مامۆستام بـوو، هـەروەکوو زوو بەرچنـەی هەسـت و نەسـت و شـیعرەکانی بـۆ هەڵدەڕشتم .. له نێـو دڵما .. لەبـەر چاوما دێـت و دەچێـت و وردە .. وردە .. تنـۆك .. تنـۆك .. بـەدەم وێـردی زەمانـەوه شـیعرەکانی دەچڕێـت و بەوەسفەوه .. ژێـی ناخی خـۆی دەکاتە کەمانچەی ناخم بـۆم لێئـەدات .. تـەواو .. تـەواو .. دەمخاتـە نێـو زیکـرو تەهلیلـەی تریفـەی ڕێـژڕاوی ئەستێرەی ورشـەو ووشـەی شـنـەی شـیعرەکانی بـەدوایی .. پیرەمێـرد و گۆرانـا .. بـە دوای قـانع و چەوسـانەوەی هەژارانا .. کێشم دەکاتە نێو ناوەڕۆکی بابەتەکانییەوه دەڵێ:

– هەتیو ڕۆڵە، ئـەم زەمینە گەڵێ چۆڵە
چـی مـرۆڤـی مـەردی کـەم تیـایـە،
ئـاگـات لـە خـۆت بـێ نەوخـۆن
ئـەم هەمـــوو گـورگـە زۆڵـە ....!!
دەڵێم :– یـا شێخ .. کـەی وەهـــایە
بڕوانە ئەوەندە مرۆڤی چاکی تـیـایـە!!
دەڵێ :– بـرا تـۆ راستدەکـــەیـت،
بڕۆ سەیرکە تەرازووەکە چەند لاسەنگی تیایە!!

– بەدەم گـوڵی لاوێتیمـەوه گەڕامـەوه نێـو داستانی خـەیاڵ.. ئـەو ڕۆژانـەی ئێمـەی لاو و ئـەوی مامۆستا فێـری کـردین ... چـی

بنوسین !؟ بۆ کێ بنوسین !؟ چۆن بنوسین !؟ ئاگردانی هزرمان بەچی جۆش و گڕدەین !؟..

کە بینیم ئەم کەڵە شاعیرە، هەموو گیانی کڵپە و گڕە ، مەشخەڵی بیر و هەستە, بۆ کوردایەتی پیرۆز و مەبەستە , ئەو جوان مەردە , هەموو گیانی نەبەردە , کانیاوی شیعری لەگەڵ هەڵوێستا .. بەبێ مامەڵە و سەوا بەبێ فێڵ و درۆ هەر بۆ کوردە .. کە نیگام خستە سەر شیعرەکانی لە سروشت و لە جوانیا , لە ناخی ژیلەمۆی داگیرساویا .. مرۆڤێکە تاسەر ئێسقان لەگەڵ کاروانی شۆڕشا دەنگ و رەنگی بۆ شەهید و بۆ پێشمەرگە بۆ بارزانی باوکی کوردە ... لە روانەتا کە دەتبینی بێ فیز و خۆنەویست و بێ نازە , بەڵام لەگەڵ لاوانی نەوەی نوێدا .. تەبایە و بەڕێز و خۆشەویست سازە .. چرا بوو بۆ لاوەکان و ڕێنیشاندەر بوو بۆ هەمووان , دڕ بوو دژی داگیرکەر و دووژمنان .. شۆڕشگێڕ و بوێر ئازا و خاوەن جوامێری ناو هاوڕێیان و ئەدیبان بوو, دۆست بوو دۆستی هەژاران بوو , ڕۆڵەیەکی بەئەمەکی شاری شاران بوو .

– یاشێخ، ئەو منانەی دیت دامابوو بەدەست سینییە حەڵواوە..!(١)

– یاشێخ .. ئەو منانەی دیت دەگریا بەدوای جوتێ پێڵاوی بەجێماوە..!(٢)

– یاشێخ .. ئەو منانەی دیت شەیدابوو بە ملوانکەی شینی بە گەردنی ئالاوە..!(٣)

ئەوانە بوونە وێنەی زیندوی سەر سینەمان .. بوونە گۆرانی
نەوەی نوێ شۆڕشی دوا رۆژمان ...
– بنو یا شێخ لە خاکی سەیوانی شەهیدانا بنو لە ژێر دار
ئەرخەوانی یادەکانا .. ئەوا هاوڕێت .. ئەو قوتابییە بەجێ
هێشتووەت, سلاوت بۆ دەنێرێت
– سلاو لــە هەناسەی شیعرت..
– سلاو لــە چەپکە هۆنراوەی سروشت ئامێزت ..
– سلاو لــە رستەی شۆڕشگێڕیت
– سلاو لە ناخی بـۆ کورد برژاوت
– سلاو لەو خامەی لەگەڵ تاسەتا، لەگەڵ شەپۆلی پڕەناسەتا..
– بوو بە سامانی کوردایەتی، بوون بـــــە پەیامی مرۆڤایەتی
– سلاو :– لەو خاکەی تۆی کردە باوەش
کە بەژیان و تەمەنت .. بۆی تێکۆشاوی
دەتوت:– دەژیم سێ سەد ساڵێ .. شــەرتە
هەناسەم بۆ سەربەخۆی کوردستان بـێ
هەرگیز کۆڵنەیەم تـا منیش دەبمە شەهید و
بـە ژیانم بڵێم ئێوە خۆش ... ئێوە خۆش* .

(فوئاد محەمەد ئەمین سەراج) ٢٠٠٦/٤/٨

---

* تێبینی / (١) , (٢) , (٣) مەبەست لە سێ شیعری شاعیر (شێخ ئەنوەر)ە.



سالار توتمانی

(سەرگوزشتەی درەختێك لەسیمای ئەودا)

"پێشکەشە بە گیانی شێخ ئەنوەر"

بە لقێکیەوە ... دیلانێی منداڵێ هاتوچۆی دەکرد
چەنـــد کۆترێکی رەنگ نەکراو..
لەگەڵ چەنـــد دانە چۆلەکەی
هەڵهاتوو لە دانە و داوی راوچییەکان
لقێکـــی تریان
لـە شان و شەوکەتی ئەو..
کردبوو بە هێلانە و بـە مالّ
لـەسەر سەری ئەوەوە
زۆر زەرنەقوتە...باڵیـان گرتوو و
ئاسمان و ئەستێرە و مانگ و
هەتاویان تەماشـا کردوو
رژانە نێو کۆشـــــی ژیان

ئەو باڵنـــدە کۆچەرییانەی
لەترسی زستانی کوێستان
کۆچیان بەرەو گەرمێن دەکـرد
ئەویان کردبوو بـــە نیشانە
چونکە هەتـاو یەکەمین (پێی)
لـەسەر لق و پۆی ئەو دەنا...کە هەڵدەهات
دەیاننـاسـی
ئەوانەی لەگەڵ شمشاڵدا ئاشنا بوون
ئەو دەمانەی تەرزە و بـەفر
ڕێگاکانی دەسڕییـەوە
تـەم ماوەی بینینی دەکوشت
هەمیشە چەندین بزر بـوو
لـە سایەیدا یەکتریان دەدۆزییـەوە
ئەو ئاشقانـەی
بستێك زەوی و ژێری گەزە ئاسمانێك بۆیان قات بـوو
کە هەڵدەهاتن لـە خەنجەر
کە پشتیان دەکردە کلتـور
سێبـەری ئەو لەسەر تەوێڵیان هەڵدەنیشت
ئەو وەکو ئەرخەوان نەبـوو
لە بەهاراندا گوڵ بگرێ و
لەزستاندا ڕووت بێتەوە بۆ ڕەشـەبا
ئەو ساتانـەی شەختە و زریان
دەست و پەنجە و پێڵوی زەوییان دەڕچان...گوڵـی دەگرت

ئـەو خۆی بوو خۆی.
بە بـەری هەنار و هەرمێ رازی نەبوو موتوربەی کەن
لەبـەر ئەوەی باخەوان هەڵی نەکێشێت
ئەو هـەر وەرزەی جۆرە میوەیەکی دەگرت
ئەو هەنار بوو لە هاویندا...دەمی واقعی دەتەقاند
کـە سێو وەرزی بەسەر دەچوو
ئەو تازە گوڵـی بۆ سێوان هەڵدەپێچا
درەختێکی زۆر سەیر بـوو
لەگەڵ تابووتساز نەیـار بوو
وەڵ کە دەریای دەبینـی
حەزی وابوو بێ بـە کەشتی
بۆ هیچ مردوو شۆرێك نەبوو بـە تاتەشۆر
جارێك جەلادێك لقێکی چەماندەوە بۆ(حەیزەران)دەمی خوار بوو
ئـەو خویەکی تری هەبوو
سێبەری هیچ درەختێکی دارستانی لەسەر نەبوو
هەمیشە دەیفەرموو کاردۆخـی فەرموویەتی
(حەقی پاچینە درەختێك بۆ داریتر کـە سێبەرکا)
چەندین جار رجای پادشـای شکاندووە
بۆ دالأنی کۆشکی بیکەن بـە کۆڵەکە
ئەوەی رووی لێنابێت بیکات بە پەنجـەرە
هەرگیز دڵـــی نەشکاندووە
زۆر جـار
مشاریان راسپارد بـــۆ وتوویژ

رازی بکەن ببێت بـەکورســـــی
ئـــەو دەیفەرموو
جگە لە تیرۆك و پنـــە
بمکەن بـە هەرشتێکی تر ... قرپم دەشکێم
ئـــەو دەیووت من
جریوە لـــە دڵما لێدەدات
ناتوانم ببم بـــە قەفەز
یـــەك رووی هەبوو
نەیدەتوانی لەپشتی چەقۆوە مشت بـێ و
لە حاڵـــی دەرۆیشێکدا (دەف)
گوڵدان سازەکان بـــۆ گوڵـــدان
گڵی ژێر پێیان هەموو بـــرد
بۆ نێو کۆشك و ژێر پـێ نانی گوڵ و پەروانەی پلاستیك
گوڵفرۆشەکانیـــش هەموو
بۆ گوڵبارانکردنی جەنـــگ
گوڵەکانی سێبەرەکانیان چەپـــك کرد
تەماشایان پڕکرد لـــە بەردی رەنگا و رەنگ
ئـــەو دەیزانی بەلادا دێت
رەشـــەبا دەیدۆزێتەوە و
لـــە ریشە هەڵی دەکێشێ
هێلانەکانـــی سەر سەری وێران دەکا و
خەونـــی رەنگ نەکردنی ئاو نایەتە دی
بەڵام بەشوێن شاکاری مەرگێکدا وێـڵ بوو

بـەری ئەوبەر بەم بەرەوە گرێبدا و
گشت رەنگەکان لـە دەنگەکاندا تێکەڵ کات
هەروا دەرچـوو
چونکە بالأی کەڵەگەت بـوو
ئەو رۆژەی کـە دارایەوە
سەری بـە ئەوبەر گەیشت و
بوو بـە پردی پەڕینەوە
بـێ بڕوانە..ئێستە کچێك لەوبەرەوە راوەستاوە
چاوەڕوانی پەڕینەوەی کوڕێك دەکات لـەم بەرەوە
تەماشاکە....
ئەگەر ئـــەو پردە نەبوایە...بە تەوێڵی ئەو ڕووبارەی لیخن بووە
ئەو مامزە لە تفەنگی ئـــەو راوچییە هەرگیز قوتاری نەدەبوو
بـە پێوە بێت یاخود بەراکشانەوە
بۆ درەخت هیـــچ گرنگ نییە
ئەگەر ئـــەو دەم
پۆلە مەلی بۆ فڕین بالّ پێگرت بێت
بۆ قریوە و پێکەنینی منالّەکان بە گەردنی دیلانێی بۆ چێ کردبن
ئـەوا ئێستەش
مـن و تۆش بەسەر جەستەیدا دەپەڕینەوە بۆ ژیان

(سالار توتمانی)

سۆزێك

بۆ

(شێخ ئەنوەر)ی شاعیر

" محەمەد کەساس"

سەردەمێك پێش ئێستا كه عەشق و شیعر و خەم یاساغ بوو، عاشــق بوویــت بــه لوتكــه و پێدەشــتی ولأت و پێــشمەرگه، هەمیشەش خەمبار بوویت بۆ خەمی هەژار و رووتەڵەی وولأتم كاتێك كه پێدەشت و قەدپاڵی ولأتم شەلاڵی خوێن دەكرا، تۆ بەكوڵ دەگریایت ، كاتێكیش منداڵی هەژارێك وێڵ دەبوو بۆ خەمی لەتێك نان، تۆ به كوڵ دەگریایت و هەر بۆیه بەشیعر، بە وشەی لێوانلێو لـه خـەم و موعانـاتی، بـەزمانێكی رەوان و عاشـقانه تـەعبیرت لـه خەمزەدەیی خۆت دەكرد بۆ ئایندەی نادیار، شاعیری بەناوبانگی

جووتێ پێڵاو.... جووتێ پێڵاو
جوتێ پێڵاوی ... بەجێمـــــاو
منداڵێكـــــــــی سەرلێشێواو
لەشارەكەی پڕمەترســـــــــی
ئەڕۆی ئەیوت و ئەپرســـــــی
جوتێ پێڵاو ... جووتـــێ پێڵاو

بەڵگەی حاشا هەڵنەگری ئەو خەم و عەشقە ئیدانیانەت بوون ، تا ئەوساتەی شانەی مەرگ چاوی پێ لێکنایەت لەو خەم و عەشقە ئیدانیانە خاڵی نەبویتەوە ، لە یادمە دوو رۆژ بەر لەمەرگت کە رۆژی (٢٠٠٦/٢/١٧) دەکات سەرەتای سەرەتای قەسیدەیەکی درێژت بۆ خوێندمەوە کەبۆ ئازارەکانی هەڵەبجە و ئەنفال و کیمیابارانت نوسیبوو ، بەڵێنت دامێ پاش تەولو بوونی بۆم بخوێنیتەوە و منیش لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر بنوسم و بەڵاوی بکەمەوە ، بەڵام داخم ناچێت ئەو خەمت هەر بە گەورەی و مەزنی لە سینەتا مایەوە و لەگەڵ خۆتا دواسەفەرت پێکرد ، بەڵام دڵنیابە (یاشێخ) تۆ بەخەم و موعاناتت و عەشق و شیعرەتەپرو پاراوە نایابەکانت میژوویەکی جوانت بۆ خۆت تۆمارکرد و بوویتە وێردی سەر زاری سەدان کەسی وەک من ، دڵنیابە هەرگیز سڵاڵنی دوای نسکۆی شۆڕش و سەرەتای هەشتاکانم لەیاد ناچێت کاتێک لەگەڵ زۆربەی هاوڕێ شاعیر و ئەدیبەکانم پێکەوە سەردانمان دەکردیت و لەسایەی هەڵوێستی مەردانەو جوامێرانەی تۆدا دەیان بڕاس و خواستی پێشمەرگە وسیاسەت و شۆڕش و شیعر و ئەدەبیمان دەهێنایە گۆڕێ ، ئێستاش (یاشێخ) دڵنیابە تۆ هەر شێخ و ئێمەش موریدی خانەقات هەتا شیعر و خەم و عەشق پێکەوەبن لەیاد ناکرێیت ....

" محەمەد کەساس "

ئەرێ یاشێخ....
تکایە وەلآم

"زانا سامان"

ئەمەوێت ئەمشەو
بە مەحوی رێبکەیت و
لە چۆڵگەردی شاری دلآ بتدۆزمەوە..؟
ئەمەوێت جارێکی تر
پیمان بڵێیت:
دەبێت تێبگەین ... هەموو جارێ
کەپێویستی بەگۆڕانە ... ژیان*

---

* لە قەسیدەی (عەشق بەلآیەکی جوانە) سالی ٢٠٠٦ لە رۆژنامەی هاولآتی بلآوکراوەتەوە.

"ئەحمەد حسین ئەحمەد"

ڕۆیشتنێکی بێ ئاوڕدانەوە بۆ شێخ ئەنوەری شاعیر*

لەگەڵ سەختی ژیاندا هیچ ناوترێ...بەربەست لە ڕووی بڕانەوەدا نییە.

گرێ کوێرەکانی سەرنانەوە، بە هیچ کەس نەکرانەوە، دورگەی ئاخ کە گەروی مرۆڤی هۆشمەندە ئەمەندە لەسەر دڵە پەرۆشەکان کەڵەکە دەبێت دەیگوشێت بە خۆیەوە بەهەنسکێکی تاڵ و تەماوی کۆتایی پێدێت.

تۆڕاڵەکانی بەرگە گرتن و بەرەنگار بوونەوە بۆ هەمیشە بەرگەی ئەو بەستەڵەکە کاریگەرەی ناو دەروون ناگرن، لێرەوە ڕوو بە ڕووی دەروازەیەکی کراوەی پڕ لە ناسۆری و پەژارە ئامێز

---

* لە هەفتە نامەی ڕێبازی نازادی لە ٢٠٠٦/٢/٢٨ لە ستونی ڕاز و نیاز بلاو کراوەتەوە .

دەبینەوە، دڕکەکانی سوێبوونەوە نوکیان لە جاران تیژترە، چی دەبیستم؟ چی دەبینم؟ چاو لێکنانی شەبەقێك رەچاو دەکەین، پێمان دەڵێت: هۆ ڕێبوارە سەرکێش و مێشك جەنجاڵەکان بوەستن و هەڵوێستەیەك بکەن، کە ئاوڕمان دایەوە، چاولێکنانی شەبەقێك رەچاو دەکەین، وەك کسپەیەك دێتە زمان و پێمان دەڵێت : بەداخەوە چڵە گەنمی شیعر و هێلانەی راز و شنە بای نوکتەی قسەی خۆش و چرۆی چێژ وەبەرهێنانەوە ماڵئاوایی لە وشەی پیرۆز و لە هاتنە ناو کۆڕ و دیوانی وێژەوانان کرد.

هاوڕێی چل سالّ لەمەوبەرم (شێخ ئەنوەر ئیبراهیم رەشید) لە مێژەوە گلەیی لە ژانەکانی ژیان بوو ، چونکە رۆژگار بە ئارەزووی خۆی بەشێك لە گوڵی هیواکانی ژاکاند و هەڵوەراند، لەگەڵ ئەوەشدا دەیویست خۆی لە رووی بەرامبەرەکەیدا وا نیشاننەدا کە باری گرانی پەستی پڕوکاندوێتی، ئەمە لێرە گەورەیی و پشوو درێژی و وڕە بەرزی دەگەێنێت، لەو دەمەی ویستی بەسەر پردی جەنجاڵی ژیاندا هەنگاوێکی دی بنێ و هەناسەیەکی کە بدات، کەچی پوازی بێئامانی مەرگ پردەکەی لەژێر پێیدا هەڵتەکاند و ژیانی سەربەرزانەی لێسەندەوە، ئەی چاوە گەشەکەی شارەکەم نەمریت پیرۆز، وشەی جوان و شیعری رەسەن و هەڵوێستی مەردانەت پیرۆز...خودات لەگەڵ.

(ئەحمەد حسێن ئەحمەد) ٢٠٠٦/٢/١٩

"بەختیار دلساف پشدەری"

(پەیامێك بۆ شێخ ئەنوەر)

ئەی بوێژە نەمرەکە
ئـەی بڵندگۆ دلێرەکە
لە رۆژگاری ژێردەستیـدا
هەناسەکـــان...ئەویندار بوون
لەگەڵ هەستـدا
ئـەو هۆنراوەی
بەبێ دەنگی
گڕی لـە جەستەی دوژمن
بـەر ئەدا...
ـ تۆ لەلای من...هەرگیز نامری
دەنگ و رەنگت و وشـــەی
راچەنینت...وەرزی خەباتـی
ئاو ئـــەدا .....
ئەزانین ئەگـەر لە مەودوا

کەسێ هەبـێ وەکو تۆ
تان و پۆی سروشتی جوانی دەربـخا
ـ سالأنێك بـــوو
(هێمن) ی شاعیر و دانـا
لـە گوڵزاری پەیڤ و شیعری جوانا
وەکو چرا دائەگیرسـا
ئەی شاعیری جوانـی سروشت
رووباری خەم و ئازاری چەوساوەی کورد
(شێخ ئەنوەر)ە کـەی
شێخـی هەموان
دە مانئاوا...دە مانئـاوا
بۆ هەتا سـەر ئاسودەبە
لـە باوەشی ... نیشتمانا
جارێکی کە (هێمن) نانێ
((بەهار و گوڵ...کچ و مانگە شـەو
شیعری تـەڕ و بادە
لەوەی زیاتر جەنابی شێخ گەرەکتە
عالەمێکـی تر))

(بەختیار دڵساف پشدەری) ٢٠٠٦

شێخ ئەنوەر ئەودەنگەی زایەڵەی دەنگێکی هەمیشەییە.

"ڕەئوف محەمەد ئالانی"

دەکـــرێ پێـــو دانگـــەکانی کـــەمی ئاســـتی ڕۆشـــنبیری و کۆمەڵایەتیـــەکان ببنـــە ئـــەو کەلێنـــەی ڕۆشـــنبیران و کەســـانی بەهرەمەند بێبەشبن لە خزمەتی گونجاو و ڕێـز گرتنیان ئەمەش نەگونجان دروست دەکات و دەیانخاتە پەراوێزەوە ، بەڵام پاش ڕۆیـشتنیان و لەدەسـت دەرچـوون فرمێـسکیان بـۆ دەڕێـژن و پەشیمان دەبنەوە بۆ ژیان ، نموفەشمان زۆرە هەربۆیە نەجمەدین مەلای خاوەنی کەشتی نوح دەڵێ لەپاش خۆم هیچ فرمێسك و شـیوەن و خـەمم نـاوێ چـونکە ئێمـە (زیـندوو کـوژی مـردوو پەرستین) هەروەها گۆرانی مەزنیش لە شیعری دەرویـش عەبدولاّ لە کۆپلەیەکدا دەڵێ:

بەڵێ ڕاستە لەناو قەومی بەسیتا قەدری سەنعەتکار
وەکو عەکسی قەمەر وایە لەناو حەوزێکـی لیـخندا

دیاره شێخ ئەنوەری شاعیری هەست ناسکی ئەم نەتەوەیەش بەو جۆرە خرایە پەراوێزەوە لە ژیانیدا ئاوڕێکی بە دڵ ئۆخەی لێنەدرایەوە، سەرەتای ناسیاویم لەگەڵ شێخ ئەنوەردا دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی ناوەندی ئەو کاتانەی تامەزرۆ و خولیای خوێندنەوە بووم و دەچووم بەو پارە کەمەی رۆژانەم کتێبم لە شێخ ئەنوەر دەکڕی تا دوای تەواو کردنی خوێندن و تاودانی قەڵەم و نوسینیش بەردەوام لە شێخ ئەنوەرەوە نزیك بووم هیچ شیعرێکی خۆی نییە چەند جار بۆی نەخوێندبێتمەوە زۆر جار کە بێزاری یەخەی دەگرتم وەك هەموو لاوێکی ئەم ولاتە دەچوومە چایخانەی شەعب سەبوریم بە شیعرەکانی شێخ ئەنوەر دەهات جار جارەش شیعرێکی تەنز ئامێزی بۆ دەوتم خۆی دەدا لەشانی شیعرەکانی شێخ رەزای تاڵەبانی، لە هەڵوێست و کورد بووندا شێخ کەسێکی ئازا و چاونەترس بوو جگە لەخۆی مامۆستا رەئوف حەسەن چیرۆك نووس باسی هەڵوێستێکی مەردانەی شێخی بۆ باسکردم کە چۆن لە (مولازم موحسین)ی داوە ئەو مولازم موحسینەی لەو سەردەمەدا خەو و خۆشی لە لاوانی شار حەرام کردبوو ، هەرچەندە شێخ ئەنوەر لەسەردەمی خۆیدا بۆی ئەنجام نەدرا، بەڵام ئەگەر بێتوو دەزگایەکی چاپ گشت بەرهەمەکانی شێخ ئەنوەر کۆبکاتەوە و لە چاپیان بدات دڵنیام دەیان لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت چەندین کەسیش بڕوانامەی لەسەر وەردەگرن.

ئەو خەمی گشت کەسێکی هەڵدەگرت لەشیعرەکانیدا منالأنی هەژار و سینی بەدەستەکانی ناو بازاڕ و بۆیاخچی دەبوونە هەوێنی شیعرەکانی شیعری جوتە پێلاڤ باشترین سەلمێنەری ئەم قسەیەمانە جگە لە باوەش کردن بە جوانییەکانی سروشتی کوردستاندا کە رەنگی داوەتەوە لە شیعرەکانیدا، چەند ڕۆژێك بەر لە مەرگی شێخ ئەنوەر لە چایخانەی شەعب هاتە لای من و بەکر پشدەری شاعیر پێی وتین لە خەوما مردبووم بەکر پشدەری پێی وت: شێخ دەمری؟ لەوەلأمدا وتی: نا عومرم لە نوێ دەنوسرێتەوە بەکر پشدەریش وتی یا شێخ هەموومان دەمرین ئەگەر بشمری تەنها بەلاشەیە تۆ ناو و دەنگی شیعرەکانت هەر زیندوون، شێخ چونکە راستگۆ بوو خەونەکەشی هەر بەڕاستی بووە واقعێك و مالئاوای لێکردین شێخ ئەنوەر مردنی سلێمانی زۆر لەلا خۆش بوو لە دێڕێکی شیعرێکیدا دەڵێ:

بابچینەوە بۆ سلێمانی بۆ ئەو شارە پڕ لە جۆش و خرۆشە
بە وەلأیـــــــی لـــــەوێ بمرین مردنەکەشی هـەر خۆشە

دە شێخی شاعیران ئەو مردنەی کەلات خۆش بوو لە شارەکەی خۆتدا لەگەلی باوەش بە ئارامیدا بکە و تێر بنوو چاو لێك بنێ دلنیابە ئەوەی بۆت جێهێشتوین تۆیشوی ڕێگای سەفەرمانە و لە

دەفتەری هزرماندا تۆمارمان کردوون، لە کۆتایشدا شیعرێکی حەزرەتی مەحوی دەکەمە چەپکە گوڵی دیاری و دەیخەمە سەر گۆڕی شێخ ئەنوەر.

لە رۆژێ هەڵدرا ئەم کۆنە خەیمەی تان و پۆ شینە
لەسایەیدا شەرابی بەزمی عوشرەت گریە و جۆشینە

دەبینی جێیەك ئەمڕۆ بەزمی عەرشی بادەنۆشینە
سبەینێ زوو زەمانە وەزعی گۆڕیوە ، لە نۆشینە
لەکێ پرسم دڵی پڕ لە خوێنی حەسرەتە یاقوت ؟
عەزا پۆش چییە و کێیە ، جلی پیرۆزە بۆ شینە؟
بەهارێکی کە داخۆ بێ، نەبێ، هەی بێن و شینێ کەین
فەلەك هەرشینە، سەحراهەرشینە کێوولێوی جۆ* شینە
هەناسەم دا بە ناڵە عەرز حاڵی کەم کە تاساوە
لە خوێناوی دڵ و جەرگم دەرونم کەیلە تاسینە

(رەئووف محەمەد ئالانی ـــــ ٢٠٠٦/٤/٨)

* تێبینی :وشەی جۆ بەمانای جۆگەلەی ناو دێت کە دوو جار هاتووە.



کۆچی ناوادەی
(شێخ ئەنوەر)ی شاعیر

"بەکر پشدەری"

شاعیری ئەرخەوانـــی*

-١-

نەکەن چڵی ئەم ئەرخەوانە بشکێنن
ئەمـــە داری راستـە قینـەی
پاکترین قەڵـــەمـی شیعرە و
جەستەم لە سێبەریـا دەڕوێ

***

ئـــەمـە دەستی زللـەی
بەرگریکردن لە وشەی کتێبە پیرۆزەکانە و
ئەمڕۆ لەگەڵمـانـا ئـەدوێ

***

* (بەکر پشدەری) لە یادی چلەی شاعیردا خوێندرایەوە

ئەمە دیوانە شیعرێکـــی نەکراوەی
ناخـــی ئارامگای....
مێژووی جەربەزەیـــی و زامە
ببینە ئەرخەوانێکە و....
شیعرەکانـــی.....
هەژار هەژار فرمێسکە وشـــە ئەڕێژن
هێمن ... هێمن گوڵ دەر ئەکـــەن
بێکەس ... بێکەس لە ناخی دڵمانا ئەڕوێ ...
***
نەکەن چڵی ئەم ئەرخەوانە بشکێنـــن
کێڵی کێوێکە بەپێوە نەیجوڵێنـــن
فێری کردویـــن..
بە کام ڕێچکەی بـــەر بنارا
بەکام کۆڵانی نسـێ و تەنگ و تارا
بێ سڵ کردن بڕۆیـــن بڕوێین
لە تارمایـــی دار بەڕودا...و
باوەش بکەین بە قەدی بەرزی چنـــارا
فێری کردویـــن
بێ هەدادان...بە پاناوك و ڕەشێنەیا
کەودەر ئاسا سپـــی بین و
دەوەك ئاسا خۆشبەز بڕۆیـــن
هەڵزنێین بە ڕەوەزەکاناو
شالور ئاسا شیعر بڵێیـــن...

لەگـەڵ ئاوازی کەنارا...

***

ئەی دیوانـــــــی چاپ نەکراوی
ناو ئارامگای وەك سەنگـــــەرم
تۆ بووی نامەی عەشقی خاوێن
بۆ هەڵەبجە و بۆردوومانی قەلادزێ و
بۆ کۆڕەو...و راپەڕینت کرد بە هەوێن

***

دەمانڵ ئاوا بەهرەوەرم
ئەی فریشتەی ناخی وشەی شیعری جوانی
ئەی شێخ ئەنوەر ئەی سەروەرم !

***

٢٠٠٦/٢/٢٥

دڕکی کۆچ

-٢-

تا خۆر لە زەمین بدات و
ئاسمان چەتری سەر زەمین بێ
تا دڵی من دڵی شیعر و
دژی سانسۆر و کەمین بێ
دەبێ کۆچت...
دڕکەزی ناو هەناوم بێ و ...
کانگای ئازار و برین بێ

* * * *

ئەی قەڵەمی وشە جوانم
هۆ زاری نیشتمان پەروەر
ئەی شاعیری
سەدان شیعری تا هەنوکە
بێ دیوانم
ئەی شێخ ئەنوەر
مژدەبێ لێت کە نەمردوی ...
مەرگ بەهێز تری کردووی* !

---

* لە ڕۆژنامەی ڕاستیدا هاوکات لەگەڵ مەرگی شاعیردا بڵاوکراوەتەوە .

"دەمەتەقێیەکی شاعیرانـــــــە"

شێخ ئەنوەر ئەم دوو بەیتەی لـــــــەمێـــژەوە وتـــوە

حەسەن هەڵەبجەیی

سێ نەخۆشیم گرتوە مەرسێکی خەتـــــرە

فقدانی زاکیرە و زەکەر و قوصور و نەزەرە

بـرای شـاعیر کـاك حەسـەن هەڵەبجـەیی بـەم شـیعرە، وەڵامێکی هەشـت بەیتی تەنز ئامێزانە شێخ دەداتەوە.

وەڵام

نیعمەتە یا شێخ ئەوەی کە تۆ دەیڵێی کەی خەبەرە...!!

گەر پیاو ئەو سیانەی نەمێنێ لە ژیان بێ خەبـــــــەرە

نێرەموکی بێ زاکیرە و قوصر نەزەر حاکمـــــــــــــن

من چوومە لای موغی دانا، پێم وت کە بۆم لابـــــــەرە

خوا زاکیرەی لە کەر سەند و زەکەر بۆی بوو بـــــــە بەڵا

گەر زەکەر سوودی هەبوایە، کەر زەوی پـــــــێ ئەکێڵا

خێر لەوایە ئەو سیانەی نەمێنێ، پیاو بۆ ئـــــــــــەبەد

ئەوانەی بێ ئەم سیانەن بوونەتە خـــاوەن تـــــــــــەڵا

بەڕێز کاك فوئاد سلاّو:-

ئەم هەشت بەیتە شیعرە تەنز ئامێزە، لەسەر داوای رەحمەتی(شێخ ئەنوەر)نووسیم بە ئاگاداری کوڕی ئازیز و خۆشەویست.. کاکە هوشیار، کە لە نێوان دەمەتەقیەکەماندا ئامادە بوو. ئاگادارە جەنابی شێخ ئەنوەر وتی(حەسەن هەڵەبجەیی) لەمە زیاترم ناوێ دڵنیام تۆ ئەتوانی رۆحی(شێخ ڕەزا)شاد بکەیت. ئەگەر هاتوو کتێبخانەکەت کردەوە داوات لێ ئەکەم ناوی کتێبخانەکەت بنێ(شێخ ڕەزای تاڵەبانی)دیارە ئەوە خواستی خۆشم بوو، بەڵام سوور بوونم لەسەر ناوی کتێبخانەکەم خواستی شێخ ئەنوەری زیاتر تێدابوو، هەتا وتیشی هەرکاتێك ناوی کتێبخانەکەتیان بردە وەك زەنگێك لە مێشکی بیسەری ناوەکەدا ئەزرنگێتەوەو گوێگر حەز دەکات بزانێ کتێبخانەکەت لە کویایە، ئەمە یادگارێکی منیش هیوادارم سوودی هەبێت.

براتان.. حەسەن هەڵەبجەیی

خاوەن/کتێبخانەی شێخ ڕەزای تاڵەبانی سلێمانی

چاوپێکەوتن

خوێنەری خۆشەویست:-

تێبینی/ئەم چاوپێکەوتنە بەڕێز نووسەر(مامی کوردە)لەگەڵ شاعیر شێخ ئەنوەر سازی داوە، لە رۆژنامەی(چارەسەری)ی دا ژمارە(٥٧)یەکشەممە رۆژی (٢٠٠٤/٤/٢٥)بڵاوکراوەتەوە، بە هەندمان زانی ئێمەش لە دوو تونێی دیوانەکەیدا وەک خۆی بڵاوی بکەینەوە، گەرچی ئێمەش لەنێو ژیاننامەکەدا زۆر لەو بیر و بۆچوونانەی شێخی شاعیرمان نوسیوەتەوە، بۆیە بە هەردوو بابەتەکە شیرینیەک دەدات بە گوڵشەنی ژیانی شاعیردا.

ف . ن

شێخ ئەنوەری شاعیر:

شیعر بەلای منەوە گەورەیە ئەگەر شاعیر بێت ئەتوانێت لە شیعرێکا رۆمانێك بخاتە ڕوو[1]

ئا/مامی کوردە

شێخ ئەنوەر یەکێکە لەو شاعیرە بە سەلیقەو بیر تیژانەی کە توانیویەتی سەرباری خوێندەواریەکی کەم جێ پەنجەی خۆی لەنێو ئەدەبی شیعری کوردیدا بکاتەوە.هەرکەسێ لە نزیکەوە گوێ بیستی شیعرەکانی بووبێ لە ئاستی بلیمەتی و وشەی پڕ واتاو جوانکاری وێنە شیعریەکانیدا سەری سوڕماوە.

ئەم پیاوە رووخۆش و قسە خۆشە بە هەرکەسێ دەگات و لەلای هەر کەسێکەوە دادەنیشێ بە رووبەکی کراوەو پڕ لە دنیای گەنجانەوە شیعر و قسە پڕ لە دانسقە و گاڵتە و گەپەکانی وا لە مرۆڤ دەکات خۆی پێ ڕانەگیرێ و پڕ بە دەم پێبکەنێ تەنانەت وای لێ هاتووە هەموو کەس نەتوانێ لەلایەوە دابنیشێ لەبەر ئەوەی خۆی پێ ڕاناگیرێ دەبێت یان لەگەڵ شێخ ئەنوەردا بدات لە قاقای پێکەنین یان دەبێت بە زانابوون خۆیانی خۆیانی لێ دوور بخەنەوە.هەتا بە پێکەنینەکەیان نەبنە جێگای سەرنجی دەوروبەر چونکە لە هەر سات و کاتێکدا پێکەنین بۆ هەرکەس دەست نادات.

چارەسەری/ شێخ ئەنوەر کێیە و تەمەنی چەندە و لە کوێ هاتوەتە دنیاوەو ئێستا لە کوێ دادەنیشێت؟ ئەوەی لێرەدا ئەمەوێت ئامازەی پێ بکەم و لەسەری بدوێم شێخ ئەنوەر خۆیەتی، بابزانین ئەم پیاوە دڵ پاک ودانسقەیە کێ یە؟

شێخ ئەنوەر:کوڕی ئیبراهیمی رەشیدی باوە مەحمودم..شێخ مەحمودی حەفید بە خۆشەویستی باپیرە گەورەی منەوە ناویان ناوە...تەمەنم (٧٢)ساڵە لە شاری سلێمانی لە گۆیژە لەدایك بووم. دایکم لە شێخەکانی تیماری گڵەزەردەیە، باوکیشم لە بنەماڵەیەکی بابانیەکانە. ئێستاش دانیشتووی شاری سلێمانیم لە گەڕەکی هەواڕە بەرزە.

چارەسەری/ لەساڵی چەندەوە دەستت بە شیعر وتن کردووە؟ یەکەم بەرهەمت لە چ گۆڤارو ڕۆژنامەیەکدا بلاوکراوەتەوە یان کێ کردی بە گۆرانی؟

شێخ ئەنوەر: لەسالّی (١٩٤٨)ەوە دەستم بە نووسینی هۆنراوە کردووە."شیعر بەلای منەوە گەورەیە. ئەگەر شاعیر بیت ئەتوانیت لە شیعرێکدا رۆمانێك بخەیتە ڕوو خۆ ئەگەر شاعیریش نەبیت ئەوا هەر بۆ خۆی ئەڕێسی و شیعراوی بوویت و بویت بە تووشی شیعرەوە....شیعر گیری خواردوە بە دەستەوە" شیعرم لەم گۆڤار و رۆژنامانەدا بلاّوکردۆتەوە وەك ژین و بەیان و کاروان و رەنگین و سروەی سنەیی/ تریفە / نووسەری کورد/ نەو شەفەق دا بلاّوکراوەتەوە بەر لەوەی شیعر بلاّو بکەمەوە پیشانی پیرەمێردی نەمرم داوە...پیرەمێرد لە گەڕەکی خۆمابوو هەر لە منداڵییەوە دەچووم بۆ چاپخانەکەی و زۆرم شیعر بۆ دەخوێندەوە هانی دام بەردەوامبم لەسەر شیعر نوسین. قانع وگۆرانی شاعیریش زۆریان پێ خۆش بوو، کە شیعرم بۆ خوێندونەتەوە گۆران لە چاپخانەی "سەعەکۆڵ" لە سابون کەران دادەنیشت پێی وتم تۆ لە وەسفا زۆر سەرکەوتوویت وئەچیتە قوڵایی شیعرەوە.هەر لە سەر شیعری کۆمەڵە شاخێك کە هینی گۆرانە ئەم شیعرەم وتووە، کاتی خۆی کە بۆم دەخوێندەوە زۆر دڵ خۆش دەبوو.

کۆمەڵێ چیای سەر کـــــەل بەفراوی
ڕۆژبۆ ئاوابوون کەوتبووە نـــــــاوی
ڕۆژی دڵ گەرم وچیای ســـــەر تەزیوو
ماچـــی یەکیان کرد ئەم دیواو ئەم دیو
ئـــەم بە ئاهی گەرم ئەو بە ئاهی سارد
دونیـــــای دەرونیان بە یەکتر دەسپارد

عـــەجایەب نەخشی کە گەردوون ئـازا
شـــەپۆلی هەستی لـــــە عـەرزا لەرزا

چارەسەری/ کاتێك كه بیستت دوژمن میللەتەكەتی ئەنفال كردووه، تۆ چ هەستێكت لادروست بوو؟ شێخ ئەنوەر:ڕقم له جاشەكان ئەبوەوه. ئەی بۆ چی بونـه پاڵپشتی دوژمـن، شـەرەفی ئەوانـه لـه كوێدایـه...تـۆ میللەتی خۆت بدەیته دەستی دوژمن.

بۆ ئەوە من پەنام بردە بەر مەلی نەورەس وتم:

نمونەی ژیانی شیرین مەلـــــــــــی نەورەس
ئـــەی مـــەلـــــی نـــەورەس مـــەلـــــی جوان
بفڕە بفڕە بۆم بخوێنە بەستـــــــــــــەی ژیان
با لەتۆوە ژیان فێربم..منیش وەكووتۆ چاوتێر بم
شەپۆلی پڕ لـــەرەی هـــەستـــــــــت بـــڕێژە
بەگوێی هەستـــم بـــەختـــم ئەم ئـــاوازە بچێژە
بفڕەو بڕۆ...ئـــەی مـــەلی بـــــــــیّ فێڵ ودڕۆ
بـفـــــڕە وەرە كـــــوا چیـــــــت دیـــوە؟!
لەم ولاتە لالە ئەگری وەنەوشە شینـــی پۆشیوە
پەپولە ماچی گوڵ ناكا...بەڕەزا پرچـی بڕیـوە

چارەسەری/ بێجگە لە شیعر حەز لە چ بوارێکی دیکەی ئەدەبی دەکەن؟

– چەند دەقێک چیرۆکیشم هەیە وەک (مرەپیاو) و منداڵە هەژارەکەو...هتد کەتائێستا لەچاپم نەداون.

چارەسەری: مامە شێخ ئەبینم بەزۆری ئەوانەی کە لە لاتەوە دادەنیشن وهاوڕێیەتیت دەکەن گەنجن...بەپێچەوانەی هاوتەمەنەکانی خۆتەوە... ئایا ئەم تێکەڵییەی بەڕێزت بەو شێوەیە لەگەڵ ئەو گەنجانەدا دەگەڕێتەوە بۆ چی؟

شێخ ئەنوەر:– کاتی خۆی سەردەمێکی زۆر من کتێب خانەم هەبووە... بەزۆری گەنج رووبان تێ ئەکردم، بۆ کتێب کڕین زۆرێك لەوانە ئەیانزانی کە من کابرایەکی کراوەم و منیش نووسینم هەیە... ئەیان دواندم و منیش قسەی خۆشم بۆ ئەکردن و شیعرم بۆ ئەخوێندنەوە ئەوانیش خویان پێ گرتبووم و وازیان لێ نەهێنام و هەتا ئێستاش بە زۆری زۆرداڕەکی لێم نابنەوە... منیش حەز لە هاوڕێیەتیان دەکەم و خۆشم دەوێن...

چەندە هاوڕێی کوڕم هەبووە، دوونەوەندە کچم ناسیوە

چارەسەری/ دڵداریت کردووە؟

شێخ ئەنوەر: ئەی بۆ نا ئەرێ وەڵڵا دڵداریم کردووە!

چارەسەری/ ئەتوانی شیعرێکی دڵداریمان بۆ بخوێنیتەوە؟

شێخ ئەنوەر: بەسەر چاو.

دەم بەرۆژووی ڕۆژی ڕووتە خۆرە وایە شەو دەمێ
بابدا جانێ لەجامی خوانـــــــی ڕوخسارت دەمـێ
لەو شەرابی گیانی عەشقە ساقی بۆم تێکە ژەمـێ
گیانە بە گیانم بدە سا گـــیانە با گیـانت دەمـــێ
ئاگری عەشقت لە دڵـــــــما بۆتە ئاهۆی ئاگـرێ
ئەو کەسەی ڕووی تۆ ببینێ چەن بسوتێ نامرێ

چارەسەری/ هەستێکی باڵات هەیە لەشیعـری داشۆریدا لەو بارەیەوە شتێك پێشکەش بکەیت؟

شێخ ئەنوەر: ئەی چۆن نایخوێنمەوە

لەکەی بێ شەرمی ناسرێتەوە
دنیاش داگیرکەر هەروابێتەوە
زەنگی بەدناویت کـــە زڕا زڕا
ڕوبەڕی دڵت هەر ئەڵێیتـــەوە

چارەسەری/ مامەشێخ ماندومان کردی هیوای تەمەن درێژیت بۆ دەخوازین.

شێخ ئەنوەر: جاچیمان کردووە چوار قسەمان پێکەوە کردووە.

ئەو بەرهەمانەی شێخ ئەنوەر لەسەر ئەرکی خۆی بەچاپی گەیاندوون

شێخ ئەنوەر لە ساڵی (١٩٦٩) بووە خاوەنی کتێبخانەی نالی ، لە بازاڕی عەسری ، کاتێک زانی بزوتنەوەی رۆشنبیری بۆ هەڵکشان دەڕوات و زۆر لە نووسەرانیش پارەی چاپکردنی کتێبیان نییە ، بە ئەرکی سەرشانی خۆی زانی وەک کەسێکی هەست پێزان و کورد پەروەر و شاعیر و ئەدیب و هونەر دۆست دەستی کرد بەچاپکردنی ئەم کتێبانەی لای خوارەوە، ئەگەرچی دوای ناوی لە کتێبخانەکەی لە نالییەوە گۆڕی بۆ شانۆ.... بەو ئەرکە پیرۆزەش وەک کەسێکی رۆشنبیر لەو بوارەدا بەشداری بزاڤی نەتەوەکەی خستۆتەوە سەر شان ، هەروەها کۆمەڵێک کتێبی لەو نووسەرانە کڕیوەتەوە کە خۆیان چاپیان کردووە ئەمەش بۆتە پشتگیریەک بۆچ ئەو نووسەرانە تابە زوویی پارەکەیان دەست بکەوێتەوە و لە خەمی مانەوەو نەفرۆشتن رزگاری کردوون :-

ژ	ناوی کتێب	نووسەر	ساڵی دەرچوون
١	سەرچنار	مارف ناسراو	١٩٧٧
٢	گەشتی دووهەمی ئەپۆلۆ	م. حەمەڕەشید فەتاح	١٩٧٧
٣	خەونامە	عبدالسلام محمد نبی	١٩٨٦
٤	گوڵشەنی فەرهەنگی فارسی	عبدالسلام محمد نبی	١٩٨٦
٥	منالّبوون بەبێ حەپ	م. عومەر تۆفیق	١٩٨٠
٦	خەندە لێو	م. روف محمد ئالانی	١٩٨٠
٧	هەمیشە بەهار	حەمەعەلی مەدهۆش	١٩٨٧
٨	ببن بە تیشك	شەهید دلّشاد مەریوانی	١٩٧٧
٩	کەلیلە و دیمنە	عومەر تۆفیق	١٩٧٨

"ئومێدێك كەمن هەمبوو"

– بەدوای(٤٠)ساڵ لەهاوڕێتی و خۆشەویستی و لێکتێگەیشتن و گوێگرتن و ڕێنمایی کردنم لە بوارو هەستی ئەدەبیم هەر لەسەرەتای دەستپێکردنمەوە بۆم بووە ژیانێکی گونجاوو پڕلەهۆگری یەکتری و بەرۆح و پاکێتی و دڵسۆزی خێزانی هەردوو لامانەوە کەبەشداری لەخەم و ژان و ئازاری یەکترێدا، لەخەندەو سەیران و گەشت و زۆرشتی ئەم ژیانەمان.. کە لەوە تێپەڕیِ کردبوو، بەبێ یەکتری بژین، زۆرجار هەوڵم ئەدا لەگەڵی کەشیعرەکانی بنوسمەوە و لەدیوانێکی ڕێك و پێك و قەشەنگدا بەچاپی بگەیەنم،، یان وەکو چۆن (دەها) کتێبی بۆ نووسەران بەچاپ گەیاندووە.. هەرواش شیعرەکانی بەچاپ بگەیەنین، بەڵام شێخ ئەگەر هەمووشتێکی بەخەیاڵدا هاتبێت، ئەم کارەی بەلاوە مەبەست نەبووە، گەرچی ئەوەی هەبووە حەزی بە خوێندنەوەیانی کردووە بۆکەسانی نزیك و برادەرانی، ئەو لاوانەی کەلێیەوە نزیك بوون، ساهەرکەسێ فریابکەوتایە بۆخۆی بینووسیایە، یان چارمان نەئەما بەزۆر لێمان دەسەند و خێرا بەرەو زۆژنامەیەك یان گۆڤارێك بەرێمان دەکرد بۆ بڵاو کردنەوە.. هەرگیز شێخ ناوی شیعری بەلاوە گرنگ نەبووە، دەبوایە ئەوئەرکەش یەکێك لەئێمە لەناوەڕۆکی شیعرەکەدا دەریبهێنایە. ناوی لێ بنێ، دوای ئەوەی شێخ چاوەکانی لێکناو بەرەو دنیای ئارامی گیانی بەخشی، کەڵکەڵەی ئەوەم کەوتەسەر کە ئەوەی خۆی نەیکرد، یان پێی

نـەکرا، مـن وەك دڵـسۆزێکی شـێخ و خۆشەویـستیم بـۆی نـەو ئەرکـە بەجێبهێنم، کە بەئەرکی نازانم بەڵام بەپێویستی سەرشانمی دەزانم.. تـا لەفەوتاندن و پەرش و بڵاوی رزگاریان بکەم، ئەو شیعرە ناسك و نازدارانە کۆبکەمەوە و چی لەلای خۆم و چی لەلای بنەماڵـە و کاکـە "هوشیار"ی کۆرپەیەتی وەریبگرم، لەگەڵ ئەو بەڕێزانەی کە بەهانامانەوە هاتن لەو برا ئـەدیب و رۆشـنبیرە لاوانـەش کەشـیعریان لـەلابووە و بۆیـان هێنـاوم لـە ئەنجامدا کەوتمە ئەوەی ئەم دیوانە شیعرە لەدایك ببێت، گیان و هەسـتی "شـێخ ئـەنوەر" رەوان شـاد بکـەم و کتێبخانـەی کـوردیش بـەم دیوانـە رەنگینـە بڕازێنمـەوە. گەرچـی شـێخ ئـەنوەر شـیعری کـەم وتـووە بەئەندازەی ژیانو تەمەنی نەبووە بەس تەنیا ئـەوەی وتوویـەتی دەبوایـە لـەوەزیاتر شـتی تـری بووتایـە، کەواتـە شـیعر بـەڕۆروبۆری نییـە، بـەڵکو بەدەقی بە بەهاو زیندوو..چێژدارو جوان و سەرنج راکێش و نەمرەوەیە - لێرەشەوە دەمـەوێت راسـتییەکی کـەش بخەمـە بەردیـدی خوێنـەران کـە بەدوای کۆچی شێخی شاعیر وەکو رێز لێنان لەو گیان و قەڵەمە زیندووە قەدر زانینی بۆ نووسـەران و رۆشـنبیران و بنەماڵـەش، بزافـی رۆشـنبیری سلێمانی لەڕوانگەی پێزانینـی بـۆ ئـەو کەڵـە شـاعیرە نیـشتمان پـەروەرو نەتەوە پـەروەرو خـاوەن هەڵوێـست و سروشـت نـامێزە، بەسـەرپەرشـتی برای بەڕێز کاك "نەورەس رەشید" سەرۆکی بـزاڤ، ئامـادەکردنی " فـواد محمد ئـەمین سـەراج"و لیژنـەی رۆشـنبیری یادەوەریـەکی رێکخست بـە بۆنـشـداری کۆمـەڵێ ئـەدیب و رۆشـنبیر لـەرۆژی ٢٠٠٦/٤/٢١ لـەهۆڵی مامۆستایان بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆر لە رۆشنبیران و نوسەران و هاوڕێیانی بنەماڵەکەی، کە کۆڕێکی قەشەنگ و خەم رەوێن و رێزگرتن لـە

تەمەنی پڕ لەداهێنانی شاعیر و هەڵوێستی جوانمەردی "شێخ ئەنوەر"بگرن کەمایەی سەرنج و خۆشەویستی بەئەمەك وەفا برو بەرانبەر ئەوگەورە شاعیرە خاوەن ئەو دەنگەی کە هەرگیز کپ نابێت، لەو شاعیرانە کەبەشداربوون "بەکر پشدەری، بەختیار دڵساف، جێگر هێرش، فواد سەراج، شێخ محمد، سالار توتمانی، هوشیار شێخ ئەنوەر...و چەندانی کە".

بۆیە بەوپەڕی ڕێزمانەوە بەناوی خۆم و کاکە هوشیارو ئەدەب دۆستانەوە ئەو هەڵوێست و ئەرك و ماندوو بونەی بزاڤی ڕۆشنبیری بەهەند و پیرۆز رادەگرین بەئەرکێکی ڕۆشنبیری نەتەوەیی دەزانین، هەمیشە بەیادێکی بەرزو درەوشاوەسەیری دەکەین... هیوادارین هەموو دەزگایەکی ڕۆشنبیری بەوجۆرە ئاوڕ لە نەمران و زیندوانی نێوکایە ئەدیب و ڕۆشنبیرییەکان بداتەوە، ئەوا پشتگیری لەو گیان و قەڵەمە زیندوان بکەنەوە کە هەموو تەمەنیان لەپێناوی روناکبیری هوشیاری و هەڵوێست جوانیدا نواندووە.

هەرلەم بەپەڕۆشیمەوە، ئەمڵ کۆمەڵە شیعرەی شاعیری نەتەوە و سروشت و جوانی و خۆشەویستی هەموان، ناوم لێنا "هەناسەی خەم" چونکە هەردەم شاعیر لەخەون و ئازارو ژانی نەتەوەکەیدا هەناسەی داوە و هەژانی بوونی لەتەمەونی لاوێتییەوە تا دواساتی ژیانی بەو کۆڵەوە هەناسەی داوە، تاکۆچ کردنی لەئێش و ئازارەکان و ئاواتی لاوەکاندا، لە بێ دەرەتانانی وڵاتەکەیدا، شەوو ڕۆژی کردۆتەوە، هەر بەو هەناسەیەشەوە شیعرەکانی دەچریکێنن و خەم و ناسۆری دڵ و دەروونیانی لەوێنە جوانەکانی شیعرەوە ئاوێتە کردووە بەوشەی ناسك و

تەڕو پاراو بەزمانێکی خەم ڕەوێنی کاریگەرو بە هەڵوێست تۆمار کردووە، هەناسەی ناخی بە هەگبەی خەمینەوە گرێداوە، هەر خۆیشم دواشیعری درێژی لەژێر ناوی " هەناسەی خەم" بۆدانا، بۆیە هەناسەی خەمی شاعیر شێخ ئەنوەر هەناسەی خەمی گشت ڕۆشنبیرو نوسەرانی نەتەوەی کوردە. ئەو ئومێدەی کە هەشم بوو بە پشتیوانی ئێوەی ڕوچشن بیرو دڵسۆزو خەم خۆری شیعرو قەڵچەم و هەناسەی شێخ ئەنوەرو بنەماڵکەی کاکە هوشیار هاتە دی بەمەش کتێبخانەی کوردی بەم بەرهەمە ڕەنگینە گەشایەوە

فوئاد محەمەد ئەمین سەراج
٢٠٠٨/٧/١٨

سوپاس و پێزانینمان بۆ ئەو بەرێزانەی لە ئامادەکردنی ئەم دیوانەدا بەسەریدا چوونەوە یان کاری چاپوو کۆمپیوتەرو دیزاینیان بۆ جێبەجێ کردم

١- د.یاسین سەردەشتی

٢-سالار توتمانی

٣-هەڤاڵ محمد صدقی

٤-فوئاد کەولّۆسی

٥-کارمەندانی چاپەمەنی گەنج

پێڕست

تیشکێك بۆسەر ژیانی شێخ ئەنوەر.....٧

نیگایەكو چەند هەناسە شیعرێكی شاعیر لەنێو رووگەی داهێناندا.....١٦

كیژی مەی فرۆش ١٩

نالەیەك.....٢٠

زمنگی شەهید ٢٢

ئەندێشەی فراوان.....٢٣

جووتێ پێلاو.....٢٥

لالە.....٢٨

شەوگار.....٢٩

شاكاری گەردوون ٣٠

خاك و ئەوین و غەریبی.....٣٢

كۆچی هەورە.....٣٦

رمنگەكان و توێژەكان.....٣٧

شێوەكانی گوڵ ٣٩

ناگری عەشق.....٤٠

پۆیلانەی بەهار.....٤١

بۆ "مامە" شاعیر(عەلی كەمال باپیر ئاغا).....٤٣

شێتێك.....٤٤

چاوەڕوانی.....٤٥

شەهید.....٤٦

نەورۆز.....٤٧

بۆ بارزانی.....٤٨
هەناسەی خەم.....٤٩
شاری....باروت.....٥١
ئارایشت.....٥٤
سروشت و جوانی.....٥٦
باخێك.....٥٩
بۆ شۆڕشی ئەیلول.....٦٠
کەمال.....٦٢
خەندەی جوانی.....٦٤
ئیعلان.....٦٥
بۆ مارف ناسراو ٦٦
وەلامێك بۆ شێخ ئەنوەری برام ٦٧
شیعرێکی تەنزئامێز.....٦٨
هاوڕێ.....٦٩
دوو هۆنراوەی تەواو نەکراو یان نادیار.یەکەم/ بۆدەسەلاتداران.....٧٠
بۆ دەسەلاتداران.....٧١
دووەم/ جینۆسایدی کورد.....٧٣
جینۆسایدی کورد.....٧٤
بۆ مەرگی خاتو مەرزییە.....٧٥
سرودێك"ئێمەی منالان، نەوەی کوردین".....٧٦
چوارینەکان.....٧٧
شیعرە داشۆرینەکان ٨٩
گازەندە.....٩١

کاوبۆ لەپێ ۹۲
کاریکاتێری...بەسەردەرۆیشە..... ۹۳
حەز..... ۹٤
روو..... ۹۵
لێو پەمەیی..... ۹٦
کوز کوڕان..... ۹۷
پاشکۆیەک..... ۹۸
بۆ مەرگی ناوادەی باوکم..... ۹۹
هەژانێك بۆ مامۆستای هاوڕێم شێخی شاعیرم کاکە شێخ ئەنوەر..... ۱۰۲
سەرگوزشتەی درەختێك لەسیمای ئەودا..... ۱۰۷
سۆزێك بۆ شێخ ئەنوەری شاعیر..... ۱۱۲
ئەرێ پاشێخ تکایە وەلاّم ۱۱٤
رۆیشتنێکی بێ ئاوڕدانەوە بۆ شێخ ئەنوەری شاعیر..... ۱۱۵
پەیامێك بۆ شێخ ئەنەر..... ۱۱۷
شێخ ئەنوەر ئەو دەنگەی زایەڵەی دەنگێکی هەمیشەییە..... ۱۱۹
کۆچی ناوادەی شێخ ئەنوەری شاعیر..... ۱۲۳
دەمەتەقێیەکی شاعیرانە..... ۱۲۷
چاوپێکەوتن..... ۱۲۹
ئەو بەرهەمانەی شێخ ئەنوەر بەچاپی گەیاندوون..... ۱۳۵
ئومێدێك کە من هەمبوو..... ۱۳۷



شەوگار
شەوگار درەنگ بوو
دێوانەی مەزن
تەقە هەڵسێنە
لەمەیخانەی من
بۆم تێکە پێکێ
کەللەم بپێکێ
ئاە و نزولەم
بەرم بۆڵای کێ..؟

نرخ(3000) دینار